**خزمەتگوزاری کۆچ و وڵاتنامەی ئێرلەندا**

**فەرمانگەی پاراستنی نێودەوڵەتی**

# ناميلكەی زانیاری بۆ داواکارانی پاراستنی نێودوەڵەتی

**تکایە بەر لە پڕکردنەوەی پرسنامەی پاراستنی نێودەوڵەتی هەموو زانیارییەکانی ناو ئەم ناميلكەیە بخوێنەوە**

## ئامانجی ئەم نامیلکەیە

ئەم نامیلکەی زانیارییە یارمەتیت دەدات بۆئەوەی تێبگەیت لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی بۆ داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی. هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کە مافی تۆ چییە و دەبێ پابەند بە چی بیت و لە ماوەی پێشکەشکردنی پرۆسەی داواکاری و هەڵسەنگاندن و ڕاسپاردە و بڕیاردانداا لەگەڵ کێدا مامەڵە و هەڵسوکەوت دەکەیت. ئەم نامیلکەیە هەروەها زانیاری لەسەر دەرکردنی مۆڵەتی مانەوە لەبەر هۆی تر پێشکەش دەکات.

## خاڵی گرنگ

دەبێ ئەم نامیلکەی زانیارییە بپارێزیت بۆئەوەی کاتێک کە داواکارییەکەت پرۆسە دەکرێت ئاماژەی پێ بکەیتەوە.

کاتی پێشکەشکردنی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی، دێیە ناو پرۆسەیەکی یاسایی. بەڵگەکانی کە پێویستە پڕیان بکەیتەوە و ئەو زانیاریانە کە پێویستە وەک بەشێک لە پرۆسەی داواکاری، هەڵسەنگاندن و ڕاسپاردە و بڕیاردان، پێشکەش بکە. کەوایە زۆر گرنگە زانیارییەکانی خوارەوە بەتەواوەتی بخوێنییەوە و گەر پێویست بکات ڕاوێژکاری یاساییت هەبێت بۆئەوەی بکەوییە ناو بارودۆخێک کە بتوانیت پشتگری داواکارییەکەت بکەیت. دەبێ هەماهەنگی بکەیت لەگەڵ فەرمانگەی پاراستنی نێودەوڵەتی (IPO)دا. هەماهەنگی نەکردن لەوانەیە دەرەنجامی خراپی لەسەر ئاکامی داواکارییەکەت بێت.

یاسای زاڵ لەسەر پشکنین و بڕیاردان لەسەر داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی و هەروەها مۆڵەتی مانەوە و یەکگرتنەوەی خێزان لە ئێرلەندا لە یاسای پاراستنی نێودەڵەتی 2015 (یاسای 2015) و لە بڕیار و ڕێسای داندراودا بەپێی ئەم یاسایە دیاری کراوە. دەتوانیت سەیری ئەم یاسایانە بکەیت بەتەواوتی لە ماڵپەڕەکانی خوارەوەدا: www.inis.gov.ie و www.ipo.gov.ie.

ئەم نامیلکەیە تەنیا بە مەبەستی زانیاری پێدان و ڕێنمایی ئامادە کراوە. ئەم نامیلکەیە ئامۆژگاری یاسایی نییە و لێکدانەوەی یاسایی لە یاسای پاراستنی نێودەوڵەتی 2015 ناکات. گەر پێویستت بە زانیاری زیاترە لەسەر یاسای 2015 و کاریگەری ئەو لەسەر کەیسەکەتدا، دەبێ ڕاوێژکاری یاساییت هەبێت.

گەرچی هەموو هەوڵێك دراوە بۆ دڵنیایی لە ڕاستی ناوەڕۆکی ناو ئەم نامیلکەیە ، لە هەمبەر هەر چەشنە هەڵە یان کەموکورتیەك هیچ بەرپرسایەتییەک قبووڵ ناکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، نابێ هیچکام لە بابەتەکانی ئەم نامیلکەیە وەک وتە یان بەڵێنییەک لەبەرچاو بگیرێت کە ببێت بە هۆی پابەندبوونی یاسایی ناچاری زیاتر لە هەر چەشنە بەڵێنییەک لە لایەن یاساوە بۆ وەزیری دادپەروەری و یەکسانی ("وەزیر") یان هەر لایەنێکی تر، لەوانە کارمەندان و فەرمانبەرانی فەرمانگەی پاراستنی نێودەوڵەتی.

فەرمانگەی پاراستنی نێودەوڵەتی
خزمەتگوزاری کۆچ و هاووڵاتی ئێرلاند

کانوونی دووەم(ژەنیوەر)ی 2017

## ناوەرۆک

### بەشی 1 پاراستنی نێودەوڵەتی چییە و دەبێ چۆن ب داواکاری پێشکەش بکەم؟


1.1 *پاراستنی نێودەوڵەتی چییە؟*
1.2 *کێ دەتوانێت داوای پاراستنی نێودەڵەتی بکات؟*
1.3 ئایا لە داواکردنی پاراستنی نێودەوڵەتی هەنگاوێکی دروستە لە بارودۆخی تاکەکەسیم ؟
1.4 لەکوێ دەبێ داواکاری بکەم بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی؟
1.5 کێ مامەڵە لەگەڵ داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی من دەکات؟
1.6 مۆڵەتی مانەوە چیە و چۆن دەبێ بۆ ئەوە داواکاری پێشکەش بکەم؟
1.7 یەکگرتنەوەی خێزان چییە؟


### بەشی 2 دەستەواژەی بەکەڵک


2.1 *فەرمانگەی پاراستنی نێودەوڵەتی (IPO) چییە؟*
2.2 *دادگای پێداچوونەوەی پاراستنی نێودەڵەتی (IPAT) چییە؟*
2.3 *وەزیر کێیە؟*
2.4 *بە کێ دەوترێت پەنابەر؟*
2.5 کێ مافی پاراستنی دووەمی هەیە؟
2.6 *زیانی مەترسیدار چییە؟*
2.7 *قەدەغەکردنی گەڕاندنەوەی زۆرەملێ چیە؟*
2.8 *کێ مافی پاراستنی نێودەوڵەتی نیە؟*
2.9 *EURODAC چیە؟*
2.10 *ناوچەی گەشتیاری باو چییە؟*


### بەشی 3 پرۆسەی پاراستنی نێودەوڵەتی


3.1 کاتێک داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەم دەبێ چاوەڕوانی چی بکەم؟
2.3 قۆناغە سەرەتاییەکانی پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری چیە؟
3.3 *ڕەزامەندی لەسەر داواکارییەکەم چۆن دیاری دەکرێت؟*
3.4 *گەر پێشووتر بڕیارێکم وەرگرتبێت لەسەر داواکاری پێشوو بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی، دەتوانم داواکارییەکی تر پێشکەش بکەم (داواکاری دواتر)*
3.5 *وتووێژی سەرەتایی چیە؟*
3.6 *ئایا دەبێ پەنجەمۆر بکەم و زانیاری تری بایۆمەتریکم بۆ دەکرێت ؟*
3.7 *ئایا لەسەر پرۆسەی پاراستنی نێودەوڵەتی زانیاری نووسراوم دەگاتە دەست؟*
3.8 *کاتێک داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەم دەبێ چی لەگەڵ خۆمدا بێنم؟*
3.9 *بڕوانامەی مافی مانەوەی کاتی (TRC) چییە و کەی دەگاتە دەستم؟*
3.10 *گەر کەمئەندام بم یان پێداویستی تایبەتم هەبێت چی دەبێت؟*
3.11 *گەر دەستبەسەر یان زیندانی بم، دەتوانم داوای پاراستنی نێودەوڵەتی بکەم؟*
3.12 *ئەو بارودۆخانە چین کە دەکرێ داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی تێیدا دەستبەسەر بکرێت؟*
3.13 *گەر کەسی ناسەربەخۆی خوارووی 18 ساڵانم هەبێت چی ڕوو دەدات؟*
3.14 *لەکوێ دەتوانم داوای ئامۆژگاری یاسایی بکەم؟*
3.15 *دەتوانم واز بێنم لە داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیم ؟*

## بەشی 4 وتووێژ و پشکنین

4.1 لە وتووێژی پاراستنی نێودەوڵەتیمدا دەبێ چاوەڕێی چی بکەم ؟
4.2 دەتوانم بە مەبەستی یارمەتی کەسێک لەگەڵ خۆمدا بێنم بۆ وتووێژی پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ پشتگیری کردنم؟
4.3 چی دەبێت گەر نەتوانم یان نەمەوێ لە وتووێژدا بەشداری بکەم ؟
4.4 ئاخۆ ناچارم هاریکاری پڕۆسەی داواکاری بکەم و ئاکامی هاریکارینەکردن چی‌یە؟
4.5 پڕۆسەی هەڵسەنگاندنی سەرەکی چی‌یە، لەوانە وتووێژی تاکەکەسی چی‌یە؟
4.6 پاش وتووێژەکەم چی ڕوو دەدات؟
4.7 ئەگەری ئاکامەکانی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی چی‌یە؟
4.8 چی دەبێت گەر لە ماوەی 6 مانگدا لەسەر داواکارییەکەم بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی هیچ پێشنیارێکم نەگاتە دەست ؟

## بەشی 5 داواکاری پێداچوونەوە و پاراستنی نێودەوڵەتی

5.1 ئایا مافی داوای پێداچوونەوەم هەیە لەسەر پێشنیاری پاراستنی نێودەوڵەتی خۆم یان مافی پێشنیارێکی ترم هەیە؟
5.2 چۆن داوای پێداچوونەوە بکەم؟
5.3 ئاستەنگی کات چییە بۆ ڕادەستکردنی داواکاری پێداچوونەوە؟
5.4 ئایا مافی هەبوونی پارێزەرم هەیە بۆ داواکاری پێداچوونەوەی خۆم؟
5.5 کەی لێپرسینەوە جێبەجێ دەکرێت بۆ داواکاری پێداچوونەوەم ؟
5.6 لەسەر پڕۆسەی پێداچوونەوە لەکوێ دەتوانم زانیاری زیاتر بەدەست بێنم ؟

## بەشی 6 ڕاگەیاندنی پەنابەریەتی یان بارودۆخی پاراستنی دووەمی

6.1 چی دەبێت پاش ئەوەی پێشنیارێک گەیشتە دەستم؟

## بەشی 7 مافەکانت لە کاتی پێدانی پاراستنی نێودەوڵەتیدا

7.1 گەر پاراستنی نێودەڵەتیم پێبدرێت چ مافێکم دەبێت؟

## بەشی 8 ماف و بەڵێنییەکانت لە پڕۆسەی پاراستنی نێودەوڵەتیدا

8.1 مافی من چی‌یە لە پڕۆسەی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیدا؟
8.2 بەڵێنی من چی‌یە لە پڕۆسەی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیدا؟

## بەشی 9 منداڵانی کەسیان لەگەڵ نیە

9.1 چی دەبێت گەر وەک منداڵێکی کەسی لەگەڵدا نەبێت داوای پاراستنی نێودەوڵەتی بکەم؟
9.2 پڕۆسەکە چی دەبێت گەر TUSLA – ڕێکخراوەی خێزان و منداڵ بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی داواکارییەک بۆ من پێشکەش بکات؟
9.3 شێوازی ڕەوانەکردنی منداڵێکی خوار 18 ساڵان بۆ ئەنجومەنی یارمەتی یاسایی (LAB) چی‌یە؟

**بەشی 10 یاسای دبلن ی یەکیەتی ئەورووپا**

10.1 یاسای دبلن ی یەکیەتی ئەورووپا چییە؟

**بەشی 11 بژاردەی گەڕانەوەی خۆبەخشانە**

11.1 ئاخۆ بژاردەی گەڕانەوەی خۆبەخشانەم هەیە بۆ وڵاتی خۆم/ وڵاتی شوێنی نیشتەجێبوونی پێشووی خۆم؟

**بەشی 12 زانیاری تر**

12.1 شێوازی ئەولەوییەت پێدانی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی چییە؟

12.2 چی بەسەر ئەو زانیاریانە دێت کە دەیدەم بە فەرمانگەی پاراستنی نێودەوڵەتی؟

**بەشی 13 مۆڵەتی مانەوە**

13.1 چۆن دەکرێ داوای مۆڵەتی مانەوە بکەم؟
13.2 زانیاری پەیوەست بە بڕیاری وەزیر بۆ پێدان یان پێنەدانی مۆڵەتی مانەوە لە وڵاتی ( ئێرلەندا) چیە؟
13.3 چی دەبێت گەر مۆڵەتی مانەوەم ڕەت بکرێتەوە؟
13.4 چی دەبێت گەر مۆڵەتی مانەوە پێبدرێت؟
13.5 " پێداچوونەوە"ی ڕەتکردنەوەیەکی مۆڵەتی مانەوە چۆن جێبەجێ دەکرێت؟
13.6 چی دەبێت گەر مۆڵەتی مانەوەم پێبدرێت، بەڵام بڕیار بدەم لەسەر پێشنیاری پاراستنی IPO بۆ IPAT داوای پێداچوونەوە بکەم؟
13.7 چی دەبێت گەر پاش پرۆسەی پشکنین مۆڵەتی مانەوەم ڕەت بکرێتەوە؟

**بەشی 14 یەکگرتنەوەی خێزان چییە؟**

14.1 یەکگرتنەوەی خێزان چییە؟
14.2 ئاخۆ ئاستەنەگی کات هەیە؟
14.3 ئەندامێکی خێزان کێیە؟
14.4 دەبێ چی زانیارییەک بنووسم لە فۆرم و پرسنامەی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیدا؟
14.5 چۆن دەکرێ داواکاری یەکگرتنەوەی خێزان پێشکەش بکەم؟

**بەشی 15** شوێنی **نیشتەجێکردنت**

15.1 زانیاری پێشوازی کردن/ نیشتەجێکردن

**پاشکۆ – زانیاری پەیوەندی**

## بەشی 1
## پاراستنی نێودەوڵەتی چی‌یە و دەبێ چۆن داوا بکەم؟

### 1.1 پاراستنی نێودەوڵەتی چی‌یە؟

1.1.1 لەژێر چاودێری یاسای پاراستنی نێودەوڵەتی 2015دا دوو شێوە پاراستنی نێودەوڵەتی هەیە واتا بارودۆخی پەنابەری و پاراستنی دووەمی.

**بارودۆخی پەنابەریەتی**

1.1.2 بۆ ئەوەی وەک پەنابەر بناسرێیت، دەبێ کەسێک بیت کە بە هۆی ترسی پاساوهەڵگر چەوسابیتەوە و بە هۆی:

(یەک i) ڕەگەز،
(دوو ii) ئایین،
(سێ iii) نەتەوە،
(چوار iv) بیر و ڕای سیاسی
(پێنج v) ئەندامبوون لە گروپێکی کۆمەڵایەتی تایبەتدا،

لە دەرەوەی وڵاتی خۆی بیت و بە هۆی ئەم ترسە نەتوانیت یان نەیەوێت لەم وڵاتەدا بپارێزرێت، یان کەسێکی بێ وڵات بێت لە دەرەوەی وڵاتی شوێنی هەمیشەیی پێشوو و لەبەر هەمان ئەو هۆیانەی لەسەرەوەدا ئاماژەیان پێکرا، نەتوانێت یان نەیەوێت بۆ ئەو وڵاتە بگەڕێتەوە.

**بارودۆخی پاراستنی ناسەرەکی**

1.1.3 گەر وەک پەنابەر نەناسرێیت، لەوانەیە مافی پاراستنی دووەمیت هەبێت، بە مەرجێک کە هۆی قایم و پتەوت هەبێت بۆ ئەم بڕوایە کە ئەگەر بگەڕێیەوە بۆ وڵاتی خۆت/ وڵاتی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی خۆت بەرەوڕووی مەترسی ڕاستەقینەی زیانی توند دەبیتەوە. بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەردانی **بەشی 2.5.1** بکە.

### 1.2 کێ دەتوانێت داوای پاراستنی نێودەڵەتی بکات؟

1.2.1 کەسێک کە 18 ساڵان یان گەورەتر بێت و لە سنووری وڵاتی ( ئێرلەندا) بێت یان کەسێک کە لە وڵاتی ( ئێرلەندا)ە و دەتوانێت داوای پاراستنی نێودەوڵەتی بکات

(a) لەجیاتی خۆی

(b) لەجیاتی کەسێکی تر بکات کە تەمەنی خوارووی 18 ساڵانە و بەرپرسایەتی و پاراستنی ئەوی لەئەستۆیە.

1.2.2 ئەمە داواکاری ئاماژەپێکراو لە **برگەی 1.2.1** لەخۆ دەگرێت
(a) وە دەرکەوێت کە شیاوی وەرگیرانە (**سەیری برگەی 3.3 بکە**)، یان

(b) گەر داواکاری دواتر لە لایەن وەزیرەوە پەسەند بکرێت (سەیری **بەشی 3.4** بکە).

هەروەها تکایە دەربارەی منداڵانی ناسەربەخۆدا سەردانی **بەشی 3.13** بکە.

## 1.3 ئایا داواکای پاراستنی نێودەوڵەتی لە بارودۆخی تاکەکەسی مندا هەنگاوێکی گونجاوە؟

1.3.1 تەنیا کاتێک دەبێ داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی کە نیگەران بیت لە گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆت/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووت/ وڵاتنامەی پێشووی خۆت.

1.3.2 گەر لەبەر هۆی تر دەتەوێ لە وڵاتی ( ئێرلەندا) بمێنییەوە تکایە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەردانی ماڵپەڕی www.inis.gov.ie بکە.

## 1.4 لەکوێ دەبێ داواکاری بکەم بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی؟

1.4.1 دەبێ داواکارییەکەت بە شێوەی **ئامادەبوویی** بدەیت بە وەزیر. دەبێ ئەمە زۆر خێرا بکەیت یان لە فرۆکەخانە یان لە بەندەرێک کە لەوێوە دێیە ناو ئێرلەندا یان (پاش هاتنە ناو وڵاتی ئێرلەندا) جێبەجێی بکەیت:

**International Protection Office,**
**Irish Naturalisation and Immigration**
**79-83 Lower Mount Street,**
**Dublin 2.**
**D02 ND99**

## 1.5 کێ مامەڵە لەگەڵ داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیم ە دەکات؟

1.5.1 بە پێشکەشکردنی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی، داوا دەکەیت لە وەزیر بزانێت ئاخۆ مافی پەنابەری یان ڕاگەیاندنی پاراستنی دووەمیت هەیە یان نا.

1.5.2 وەک بەشێک لە شێوازی داواکاریەکی تاك، پشکنینی داواکاریەکەت دەکرێت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی بە شێوەی ئاسایی لە لایەن کاربەدەستانی ناسراو بە فەرمانبەرانی پاراستنی نێودەوڵەتی لە فەرمانگەی پاراستنی نێودەوڵەتیدا. ئەم دامەزراوەیە بەشێکە لە خزمەتگوزاری وڵاتنامە و کۆچی ئێرلەندا کە خۆی لەناو وەزارەتی داد و یەکسانی دایە. لەوانەیە کەسانی تری IPO ش لەم پرۆسەیەدا بەشدار بن.

## 1.6 مۆڵەتی مانەوە چی‌یە و چۆن دەبێ بۆ ئەوە داواکاری پێشکەش بکەم؟

1.6.1 گەر IPO ڕاسپێرێت کە مافی بارودۆخی پەنابەری یان پاراستنی دووەمیت نییە، پاشان وەزیر پشکنینی ئەمە پرسە دەکات بۆئەوەی مۆڵەتی مانەوە لە وڵاتی ( ئێرلەندا) بە هۆی تر (بۆ نموونە بە هۆی بارودۆخی خێزان یان بارودۆخی کەسی)ت بداتێ یان نا. ئەمەش لە فەرمانگەی پاراستنی نێودەوڵەتیدا دەکرێت. دەبێ زانیاری پەیوەست لە بەشی دروستی

پرسنامەی پاراستنی نێودەوڵەتیدا بنووسیت. هەروەها دەبێ هەرچەشنە گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی خۆتدا کە لەوانەیە پەیوەست بێت بە بڕیاری پێدان یان ڕەتکردنەوەی مۆڵەتی مانەوە بە IPO ڕابگەیێنیت.

ئەمە بەوردی لە **بەشی 13**دا لەبەرچاو دەگیرترێت.

## 1.7 یەکگرتنەوەی خێزان چییە؟

17.1 گەر پەنابەری یان پاراستنی دووەمیت پێبدرێت، دەتوانیت لە ماوەی ساڵێک لە ڕێکەوتی پێدانی ئاماژەپێکراودا داوا لە وەزیر بکەیت ژمارەیەک لە ئەندامانی خێزانەکەت بێنە ناو وڵاتی ( ئێرلەندا) و لەوێدا نیشتەجێ بن. **ئەمە تەنیا خێزان، هاوژینی مەدەنی (بە مەرجێک لە ڕێکەوتی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیدا لەگەڵ ئەو کەسەدا زەواجت کردبێت) منداڵانی سەڵتی خوار 18 ساڵان و هەروەها کەسانی خوار تەمەنی یاسایی کە پاراستنیان پێدراوە، باوان و خوشک و برایانی خوار 18 ساڵان لەخۆ دەگرێت.**

1.7.2 وەزیر لێکۆڵینەوە لە داواکاری دەکات و گەر دڵنیا بێتەوە کە کەسی ئاماژەپێکراو یەکێکە لە ئەندامانی خێزان و لەژێر چاودێری پێداویستی یەکگرتنەوەی خێزان دایە، مۆڵەتی ئیقامە دەدات بەو کەسە.

1.7.3 لەوانەیە وەزیر مۆڵەتی ئیقامە نەدات بە یەکێک لە ئەندامانی خێزان بە هۆی جیاواز لەوانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئەمنی گشتی، سیاسەتی گشتی یان فەرمانی گشتی یان لە بابەتێکدا کە ئەندامی ئاماژەپێکراوی خێزان، لە پەنابەریەتی یان مافی هەبوونی پاراستنی دووەمی خرابێتە لاوە.

1.7.4 گرنگە سەرنج بدەیت کاتێک داوای پاراستنی نێودەڵەتی دەکەیت ناچاریت بە پێدانی هەموو زانیارییەکانی ئەو ئەندامانەی خێزانەکەت کە ئەگەر لە لایەن وەزیرەوە بارودۆخی پەنابەریەتی یان پاراستنی دووەمیت پێبدرێت، لەوانەیە دواتر مافی یەکگرتنەوەی خێزانیان هەبێت.

1.7.5 بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر، تکایە سەردانی **بەشی 14** بکە.

## بەشی 2
## دەستەواژەی بەکەڵک

### 2.1 فەرمانگەی پاراستنی نێودەوڵەتی (IPO) چییە؟

2.1.1 IPO فەرمانگەیەکە لە خزمەتگوزاری هاوولاتی و کۆچی ئێرلەندا (INIS)، بەرپرسی پشکنین و پرۆسەکردنی داواکارییەکانی پاراستنی نێودەوڵەتییە. سەرۆکی IPO بەرپرسی باڵای پاراستنی نێودەوڵەتییە کە سەرکردایەتی دەستەیەک لە بەرپرسانی پاراستنی نێودەوڵەتی لەئەستۆیە. فەرمانبەرانی IPO هەروەها بە نوێنەرایەتی وەزیر بڕیار دەدەن ئاخۆ مۆڵەتی ئیقامە لە وڵاتی ( ئێرلەندا) بە هۆی تر بدرێت بەو داواکارانە کە پاراستنی نێودەوڵەتی ئەوان ڕەت کراوەتەوە.

### 2.2 دادگای پێداچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی (IPAT) چی‌یە ؟

2.2.1 IPAT دامەزراوەیەکی یاسایی سەربەخۆیە کە بۆ داواکاری پێداچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی و کرداری پێداچوونەوەی تر دامەزراوە و یاسای پاراستنی نێودەوڵەتی 2015 و یاساکانی تری پەیوەستی پێ ئەسپاردراوە.

### 2.3 وەزیر کێیە؟

2.3.1 وەزیر بریتییە لە وەزیری داد و یەکسانی.

### 2.4 کێ بە پەنابەر دادەنرێت؟

2.4.1 بۆ ئەوەی وەک پەنابەر *بناسرێیت*، دەبێ کەسێک بێت کە بە هۆی ترسی پاساوهەڵگر چەوسابێتەوە و بە هۆی:

(یەک i) ڕەگەز،
(دوو ii) ئایین،
(سێ iii) نەتەوە،
(چوار iv) بیر و ڕای سیاسی
(پێنج v) ئەندامبوون لە گروپێکی کۆمەڵایەتی تایبەتدا

لە دەرەوەی وڵاتی خۆی بێت و بە هۆی ئەم ترسە نەتوانێت یان نەیەوێت لەم وڵاتەدا بپارێزرێت، یان کەسێکی بێ وڵات بێت لە دەرەوەی وڵاتی شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشوو و لەبەر هەمان ئەو هۆیانەی لەسەرەوەدا ئاماژەیان پێکرا، نەتوانێت یان نەیەوێت بۆ ئەو وڵاتە بگەڕێتەوە.

دەستەیەک لە تاکەکان بارودۆخی پەنابەریان پێنادرێت (**سەیری بەشی 2.8 بکە**).

### 2.5 کێ مافی پاراستنی دووەمی هەیە؟

2.5.1 ئەم بارودۆخە هاوشێوەی بارودۆخی پەنابەرییە. کاتێک دەدرێت کە کەسەکە مافی پەنابەریەتی نەبێت بەڵام IPO وا بزانێت کە کەسەکە لە وڵاتەکەی خۆیدا تووشی مەترسی ڕاستەقینە دەبێت.

پێناسەکردنی ڕێکی *ئەوە وەهایە کە کەسێک مافی پاراستنی دووەمی هەیە*

(i) کە هاووڵاتی وڵاتێکی ئەندامی یەکیەتی ئەورووپا نییە،

(ii) وەک پەنابەرێک مافی نییە،

(iii) هۆکاری بەرچاو هەیە سەبارەت بە ئەو بۆ بڕواکردن بەم بابەتە کە ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی خۆی، بەرەو ڕووی زیانی توند و مەترسیدار دەبێتەوە و هەر بەم هۆیە ناتوانێت یان نایەوێت لەو وڵاتەدا بپارێزرێت؛ و

(iv) بە هۆی تایبەت دوور نەخراوەتە لە مافی پاراستنی دووەمی. تکایە سەردانی بڕگەی **2.8.2** بکە.

### 2.6 زیانی مەترسیدار چییە؟

2.6.1 *زیانی توند و مەترسیدار بریتییە لە*:

(i) سزای مردن یان سێدارە،

(ii) ئەشکەنجە و ئاکار نامرۆڤانە یان سووکایەتپێکردن یان سزادانی کەسەکە لە وڵاتی سەرەتا/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشوو ئەو یان،

(iii) هەڕەشەی توند و تاکەکەس دژ بە گیانی کەسی سیڤیل بە هۆی توندوتیژی لەڕادەبەدەر لە بارودۆخی پێکدادانی چەکدارانەی نێودەوڵەتی یان ناوخۆییدا.

### 2.7 قەدەغەکردنی گەڕاندنەوەی زۆرەملێ چی‌یە؟

2.7.1 قەدەغەکردنی گەڕاندنەوەی زۆرەملێ بەم واتایەیە کە وەزیر نابێ، کەسەکە بنێرێتەوە یان بگەڕێنێتەوە بۆ سنوور یان هەرێمێک بە ڕاوبۆچوونی وەزیر،

(i) گیان یان سەربەستی ئەو کەسە بە هۆکاری وەک ڕەگەز، ئایین، وڵاتنامە، ئەندامی دەستەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت یان بیر و ڕای سیاسی هەڕەشەی لێبکرێت، یان

(ii) مەترسی توند هەبێت و لەوانە بێت بکەوێتە بەردەمی سزای سێدارە، ئەشکەنجە یان ئاکاری نامرۆڤانەی تر یان سووکایەتی پێبکرێت.

دەبێ وەزیر ئەم ئەرکە بەجێ بێنێت جا چ پەنابەریەتی یان پاراستنی دووەمی  درابێتێ یان نا.

## 2.8 کێ مافی پاراستنی نێودەوڵەتی  نیە؟

2.8.1 تاک کاتێک لە مافی پەنابەریەتی بەدەر دەبێت کە:

(i) خەریکی وەرگرتنی پشتگیری یان یارمەتییەکان بێت لە دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (جگە لە کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR))، وەک ڕێکخراوەی یارمەتی و کاری ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNRWA) و ئەو پشتگری یان یارمەتییە  نەوەستابێت.

(ii) بەپێی ڕا و بۆچوونی کاربەدەستانی شایستەی وڵاتێک کە ئەو لەوێدا نیشتەجێ بووە خاوەنی ماف و بەڵێنی پەیوەست بە هەبوونی هاووڵاتی ئەو وڵاتە، یان ماف و پابەندبوونی هاوکێشی ئەوێی هەبێت، یان

(iii) هۆی جیدی هەیە بۆ سەرنجدان بەم کێشەیە کە ئەو:

a. تاوانێکی ئەنجامداوە دژ بە ئاشتی، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بەپێی پێناسەی بەڵگە نێودەوڵەتییە داندراوەکان لە پەیوەندی لەگەڵ ناوەڕۆکی وەها تاوانێکدا

b. تاوانی ناڕامیاری توندی ئەنجامداوە لە دەرەوەی وڵات ( ئێرلەندا) بەر لە هاتن بۆ وڵاتی ( ئێرلەندا) بووە، یان

c. تاوانبار بووە بە کردەوەی دژ بە ئامانج و یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان.

تکایە سەرنج بدە کە ئەم بێبەشبوونە هەروەها کاتێک گونجاوە کە هۆی جیدی هەبێت بۆ ڕەچاوکردنی ئەم کێشەیە کە کەسەکە <u>هان دراوە</u> بۆ کردنی تاوان یان کردەوەی ئاماژەپێکراو لە بڕگەی (iii) دا <u>یان بە شێوەیەکی تر لەودا بەشداری کردبێت.</u>

2.8.2 تاک مافی پاراستنی دووەمی نابێت کاتێک هۆی توند هەبێت بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەم کێشەیە کە ئەو:

(i) بەپێی پێناسەی بەڵگە نێونەتەوەییە داندراوەکان لە پەیوەندی لەگەڵ ناوەڕۆکی وەها تاوانێکدا تاوانێکی دژ بە ئاشتی، تاوانی شەڕ یان تاوانی دژە مرۆڤایەتی  ئەنجامداوە،

(ii) تاوانێکی جیدی  ئەنجامداوە،

(iii) تاوانبارە بە کردەوەی دژ بە ئامانج و یاسای نەتەوە یەکرگرتووەکان بووە، یان

(iv) وەک مەترسییەک بۆ کۆمەڵگا یان ئاسایشی وڵاتی ( ئێرلەندا) بێت.

تکایە سەرنج بدە کە ئەم بێبەشبوونە هەروەها گونجاوە لە کەیسێکدا کە هۆی جیدی هەبێت بۆ سەرنجدان بەم کێشەیە کە کەسەکە هان دراوە بۆ کردنی تاوان یان کردەوەی ئاماژەپێکراو لە بڕگەی (i) تاکوو (iv) یان بە شێوەیەکی تر لەودا بەشداری کردبێت.

2.8.3 تاک کاتێک لە مافی پاراستنی دووەمی دەخرێتە لاوە کە بەر لە هاتن بۆ وڵاتی ( ئێرلەندا) تاوانێکی ئەنجام دابێت کە لە **بڕگەی 2.8.2** دا ئاماژەی پێنەکرابێت و گەر وەها تاوانێکی لە وڵاتی ( ئێرلەندا)دا دەکرد، سزای زیندانی و بەندکردنی بەدواوە بایە و گەر وڵاتی خۆی/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی خۆی تەنیا بە مەبەستی دوورخستنەوەی خۆی بە هۆی ئەو تاوانە کە کردوویەتی جێ هێشتبێت.

## 2.9 EURODAC چییە؟

EURODAC سیستەمێکی ئەلەکترۆنی گۆڕینەوە و بەراوردکردنی پەنجەمۆرە لە نێوان وڵاتانی پابەنددا بۆ داواکردنی کاریگەری بۆ یاسای یەکیەتی ئەورووپای دبلن. تکایە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر لەسەر یاسا و ڕێسای دبلنی یەکیەتی ئەورووپا سەردانی **بەشی 10** بکە.

## 2.10 ناوچەی گەشتی باو چییە؟

2.10.1 ناوچەی گەشتی باو (CTA) بریتییە لە ئیرلاند، بەریتانیا، دوورگەکانی کەناڵ و دوورەگەی مەن.

## بەشی 3
## پرۆسەی پاراستنی نێودەوڵەتی

### 3.1 کاتێک داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەم دەبێ چاوەڕوانی چی بکەم؟

3.1.1 کاتێک داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەیت، دەکرێ چاوەروان بکەیت کە:

(i) بەبێ لەبەرچاوگرتنی تەمەن، کەمئەندامی، وڵاتنامە، نەژاد، ڕەگەز، حەزی سێکسی، ئایین یان بڕوا بەڕێز و حورمەتەوە هەڵسوکەوتت لەگەڵدا دەکرێت و دادپەروەری ڕەچاو دەکرێت.

(ii) IPO ئاگاداری ئەوەیە لەوانەیە لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا ئاشنا نەبیت و ڕەنگە ئەزموونێکی زۆرناخۆش تێپەڕێنیت و درکاندنی زانیاری هەستیار دەربارەی خۆتدا بۆت ئەستەم بێت.

(iii) بۆئەوەی لە کاتی پشکنینی داواکارییەکەتدا بارودۆخی تاکەکەسیت بەتەواوەتی لەبەرچاو بگیرێت، IPO دەیەوێت کاتی هاوبەشکردنی هەر چەشنە زانیارییەکی هەستیار، بۆ نموونە دەستدرێژی، ئەشکەنجە، خراپ مامەڵەکردن یان حەزی سێکسیت گەر پەیوەست بێت بە داواکارییەکەت، هەست بە ئاسوودەیی بکەیت. هەموو ئەو زانیاریانەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ داواکارییەکەتدا پێشکەشی دەکەیت بەپێی یاسا بەنهێنی دەمێنێتەوە و لە لای کاربەدەستانی وڵات یان نوێنەرانی وڵاتەکەت لە ئێرلەندا بەنهێنی دەپارێزرێت.

(iv) دەکرێ ئەزموونێکی تایبەتی وەها بێت کە بۆت ئاسانتر بێت لەسەر وەها ئەزموونێک لەگەڵ پیاو یان ژنێکدا قسە بکەیت، ئەگەر بکرێت IPO وەها داواکارییەک جێبەجێ دەکات.

(v) پرسیارت لێدەکرێت ئاخۆ دەتەوێ لەگەڵ IPOدا بە زمانی ئینگلیزی قسە بکەیت یان وەرگێڕت پێویستە. بۆت هەیە گەر پێویست بکات، وەرگێڕت هەبێت بۆئەوەی بۆ بەدیهێنانی پەیوەندی گونجاو و لەبار دڵنیا بیەوە.

### 3.2 هەنگاوە سەرەتاییەکانی پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری چی‌یە ؟

3.2.1 گرنگە سەرنج بدەیت بەرلەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی داواکاری پێشکەش بکەیت، سەرەتا وتووێژێکی سەرەتایی جێبەجێ بکەیت بۆئەوەی دەرکەوێت ئاخۆ داواکارییەکەت قبوڵ دەکرێت یان لە لایەن IPO وەردەگیرێت یان نا.

### 3.3 وەرگیرانی داواکارییەکەم چۆن بڕیاری لەسەر دەدرێت؟

3.3.1 بەرلەوەی بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی داواکاری پێشکەش بکەیت دەبێ وەک بەشێک لە وتووێژی سەرەتایی خۆت، قەناعەت بە بەرپرسێکی پاراستنی نێودەوڵەتی بهێنیت کە داواکارییەکەت شیاوی وەرگیرانە.

3.3.2 لە بابەتەکانی خوارەوەدا داواکارییەکەت قبووڵ ناکرێت (وە بۆت نیە داوای پاراستن بکەیت):

(i) یەکێکی تر لە وڵاتانی ئەندامی یەکیەتی ئەورووپا بارودۆخی پەنابەریەتی یان پاراستنی دووەمی پێدابیت یان

(ii) وڵاتێک جگە لە وڵاتی ئەندامی یەکیتی ئەورووپا

a. تۆی وەک پەنابەر ناساندبێت و لە ئێستاشدا دەتوانیت سوود لەم پاراستنە وەربگریت، یان

b. بە شێوەیەکی تر سوود وەربگریت لە پاراستن بەڕادەی پێویست لەو وڵاتە، لەوانە سوودوەرگرتن لە یاسای نەناردنەوەی زۆرەملێ و ئەمە کە دوبارە لەو وڵاتدا وەربگیرێیتەوە.

3.3.3 پاش وتووێژی سەرەتایی، یەکێک لە فەرمانبەرانی پاراستنی نێودەوڵەتی، لەسەر شیاوی وەرگیرانی داواکارییەکەت پێشنیارێک پێشکەش دەکات.

3.3.4 دەکرێ پێشنیارێک لە بەرپرسێکی پاراستنی نێودەوڵەتی وەربگریت بەو پێیە کە داواکارییەکەت شیاوی وەرگیران نیە، ڕاپۆرتێکی نووسراو لەگەڵ هۆکاری پەیوەست وەردەگریت.

3.3.5 بۆت هەیە لە ماوەی یاساییدا سەبارەت بەم پێشنیارە داواکاری پێداچوونەوە بدەیت بە IPAT. دەکرێ زانیاری زیاتر لەسەر داواکاری پێداچوونەوە لە بەشی **5دا سەیر بکەیت. بڕیاری IPAT بەبێ دادگاییکردنی زارەکی دەدرێت.**

3.3.6 گەر فەرمانبەری پاراستنی نێودەوڵەتی ڕاسپێرێت کە داواکاری تۆ قبووڵ ناکرێت و ئەم پێشنیارە لە لایەن IPAT ەوە پشتڕاست بکرێتەوە، وەزیر دەبێ بڕیار بدات داواکارییەکەت قبووڵ ناکرێت.

3.3.7 گەر دەرکەوێت کە داواکارییەکە شیاوی قبووڵ کردنە، چ لە لایەن IPO یان IPAT، لە لایەن وەزیرەوە بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لە لایەن IPO وە قبووڵ دەکرێت.

## 3.4 گەر پێشتر بڕیارێکم وەرگرتبێت لەسەر داواکاری پێشوو بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی، دەتوانم داواکارییەکی تر پێشکەش بکەم (داواکاری دواتر)؟

3.4.1 کەسێك ناتوانێت داواکاری دووەم یان داواکاری تر (*داواکای دواتر*) بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی و بەبێ ڕەزامەندی وەزیر پێشکەش بکات.

3.4.2 داواکاری بۆ ڕەزامەندی وەزیر و بۆ پێشکەشکردنی داواکاری دواتری پاراستنی نێودەوڵەتی دەبێ بە نووسراوە بۆ وەزیر بنووسرێت و لە لایەن فەرمانبەرێکی پاراستنی نێودەوڵەتییەوە بەوردی لێی دەکۆڵدرێتەوە.

3.4.3 بۆئەوەی بتوانیت داواکاری دواتر بکەیت، دەبێ مەرجەکانی خوارەوە ڕەچاو بکرێت:

(i) لە کاتی بڕیاردان لەسەر داواکاری بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی، پێکهاتە یان دەرەنجامی نوێ دروست بووبێت یان لە لایەن تۆوە پێشکەش کرابێت کە ببێت بە هۆی ئەمە کە ئەگەری مافی پاراستنی نێودەوڵەتیت بە شێوەی بەرچاو زیاتر بێت،

وه

تۆ، سەرەڕای ئەوە کە تاوانێکت نەبێت، توانایی ئەم پێکهاتە یان دەرەنجامانەت نەبووە بۆ مەبەستی داواکاری پێشووی خۆت،

یان

(ii) گەر داواکاری پێشوو هەڵوەشابێتەوە یان وا گریمانە بکرێت کە هەڵوەشاوەتەوە، کاتی هڵوەشانەوە یان گریمانی هەڵوەشانەوەی داواکاری، سەرەڕای ئەوە تاوانێکت نەبێت، نەت توانیبێت لێپرسینەوەی داواکاری پێشووی خۆت بکەیت.

3.4.4 گەر فەرمانبەری پاراستنی نێودەوڵەتی ڕاسپێرێت کە دەبێ وەزیر ڕەزامەندی خۆی بە پێشکەشکردنی داواکاری دواتری تۆ ڕابگەیێنێت، وەزیر ئەم ڕەزامەندییە دەدات ئەوکاتە دەتوانیت داواکاری خۆت پێشکەش بکەیت.
گەر فەرمانبەری پاراستنی نێودەوڵەتی ڕاسپێرێت کە وەزیر نابێ ڕەزامەندی خۆی بە پێدانی داواکاری دواتر ڕابگەیێنێت، ڕاپۆرتی نووسراوی هۆکارە پەیوەستەکان وەردەگریت.

3.4.5 بۆت هەیە لە مۆڵەتی یاسایی پەیوەستدا لەسەر دوا ڕاسپاردە داواکاری پێداچوونەوە بدەیت بە IPAT. دەکرێ زانیاری زیاتر لەسەر داواکاری پێداچوونەوە لە بەشی 5دا سەیر بکەیت. **بڕیاری IPAT بەبێ دادگاییکردنی زارەکی دەدرێت.** گەر داوای پێداچوونەوە نەکەیت، وەزیر پێشکەشکردنی داواکاری دواتر ڕەت دەکاتەوە.

3.4.6 گەر بۆ داواکاری پێداچوونەوەکەت سەرکەوتووبیت، وەزیر بۆ پێشکەشکردنی داواکاری دواتر ڕەزامەندی خۆی دەردەبڕێت. گەر بۆ داواکاری پێداچوونەوەت بۆ IPAT سەرکەوتوو نەبویت، وەزیر پێشکەشکردنی داواکاری دواتر ڕەت دەکاتەوە

## 3.5 وتووێژی سەرەتایی چییە؟

3.5.1 کاتێ وتووێژی سەرەتایی تەواو دەکەیت، هەندێک پرسیاری کورتت لێدەکرێت، لەوانە دەربارەی

(*i*) دەتەوێ داوای پاراستنی نێودەوڵەتی بکەیت و ئەگەر بەڵێ، بنەما گشتیەکانی داواکارییەکەت لەسەر چ بنەمایەکە،
(*ii*) کەسایەتیت ،
(*iii*) وڵاتنامەت،
(*iv*) وڵاتت / شوێنی ئیقامەی هەمیشەییت ،
(*v*) ڕێگای گەشتەکەت تاکوو وڵاتی ( ئێرلەندا) ، کەلوپەلی گواستنەوەی بەکارهێندراو و وردەکاری کەسانێک کە بۆ گەشت بۆ ئێرلەندا یارمەتیان داویت،
(*vi*) بۆچی هاتووی ئێرلەندا،
(*vii*) بنەمای یاسایی بۆ هاتن یان ئامادەبوونت لە وڵاتی ( ئێرلەندا).

3.5.2 هەروەها هەندێک پرسیارت لێدەکرێت بۆئەوەی دەرکەوێت ئاخۆ دەکرێ لە پرۆسەی پاراستنی نێودەوڵەتیدا وەربگیرێیت **(سەردانی بەشی 3.3 و 3.4 بکە)**.

3.5.3 ئەم وتووێژە گەر پێویست بێت و گەر بکرێت بە یارمەتی وەرگێڕێک جێبەجێ دەکرێت.

3.5.4 ڕاپۆرتی وتووێژی پێشەکی لە لایەن ئەو فەرمانبەرە دەپارێزرێت کە وتوێژەکە ئەنجام دەدات. بۆت دەخوێندرێتەوە و تۆ ئەم هەلەت دەبێت گەر پێویست بکات ئەم ڕاپۆرتە ڕاست بکەیەوە. داوات لێدەکرێت دان پێدانانێك واژۆ بکەیت کە پشتڕاستی دەکاتەوە ئەو زانیاریانەی کە پێشکەشت کردوون ڕاستن و هەرچەشنە ڕاستکردنەوە یان گۆڕانکاری پێویست جێبەجێ کراوە. زۆر گرنگە ئەم دان پێدانانە بەوردی بخوێنییەوە بۆئەوەی دڵنیا بییەوە هەموو ئەو زانیارییە پەیوەستانەی کە پێشکەشت کردوە لەودا هاتووە. تۆ بەرپرسیت دڵنیا بیتەوە لە ماوەی وتووێژی گێرانەوەدا هەڵەیەک لە تۆ ڕوو نەدات یان خراپ تێنەگەیت. پاشان کۆپییەکی ڕاپۆرتی وتوویژت پێدەدرێت.

3.5.5 پاش وتووێژی سەرەتایی، گەر دەرکەوێت کە داواکارییەکەت شیاوی وەرگیرانە، ڕێگەت پێدەدرێت بە پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەش بکەیت.

## 3.6 ئاخۆ دەبێ پەنجەمۆر بکەم و زانیاری تری بایۆمەتریکم بۆ بکرێت؟

3.6.1 IPO زانیاری بایۆمەتریکت بۆ دەکات. ئەمە پەنجەمۆر و وێنەی تۆ لەخۆ دەگرێت. ئەمە بە مەبەستی دیاریکردنی کەسایەتی تۆ و پشکنینیی ئەم پرسە جێبەجێ دەکرێت کە ئاخۆ لەمەوبەر بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی لە وڵاتێکی پابەند بە ڕێسای دبلنی یەکیەتی ئەورووپا داواکاریت پێشکەش کردووە یان نا **(سەردانی بەشی 10بکە)**. پشکنینی ئەم زانیاریانە دەکرێت بە یارمەتی داتای تر (لەوانە EURODAC و ڤیزە) بۆئەوەی دڵنیایی دەست کەوێت ئێرلەندا وڵاتی بەرپرسی پشکنینی داواکارییەکەتە.

پەنجەمۆری کەسانی خوار 14 ساڵان تەنیا لەبەردەمی باوان یان گەورەساڵی بەرپرس یان گەر بکرێت، کەسی داندراو لە لایەن TUSLA – ڕێکخراوەی خێزان و منداڵەوە بۆ داواکاری و بە نوێنەرایەتی داواکار لە پرۆسەدا، جێبەجێ دەکرێت.

## 3.7 ئایا لەسەر پرۆسەی پاراستنی نێودەوڵەتی زانیاری نووسراوەم دەگاتە دەست؟

3.7.1 لەگەڵ ئەم نامیلکەیەدا، داواکاری پرسنامە بۆ پاراستنی نێودەوڵەتیشت پێدەدرێت کە دەبێ پڕ بکرێتەووە و بنێردرێتەوە بۆ IPO. دەبێ پرسنامەکە تاکوو ڕێکەوت و کاتی دیاریکراو لە لایەن IPOەوە بنێرییەوە.

**<u>گەر نەتوانیت تاکوو ڕێکەوتی دیاریکراو پرسنامەکەت بنێرییەوە، لەوانەیە وا دابندرێت بۆ پشکنیی داواکارییەکەت کەمتەرخەمیت کردووە. لەمبارەوە تکایە سەردانی بەشی 4.4 و بخەشی 8.2 بکە.</u>**

3.7.2 وا بە باش دەزانرێت بەر لە پڕکردنەوەی پرسنامەکەت ڕاوێژکاری یاسایی وەربگریت.

## 3.8 کاتێک داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەم دەبێ چی لەگەڵ خۆمدا بێنم؟

3.8.1 دەبێ هەر بەڵگەیەک کە هەتە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری بیدەیت بە IPO. بەڵگەنامەکان بریتین لە

- **پاسپۆرت(ەکان)** – ئەمە پاسپۆرتی خۆت و هاوسەرەکەت و/ یان کەسێکی ناسەربەخۆ لەخۆ دەگرێت کە (گەر هەبن)کە لەگەڵ تۆدا لە ئێرلەندان. ئەمە یارمەتی IPO دەدات بۆئەوەی بتوانێت تەمەن، کەسایەتی و وڵاتنامەی تۆ دیاری بکات. گەر پاسپۆرتی ساختەکارت بەکارهێناوە بۆ هەموو یان بەشێک لە سەفەرەکەت هەتاکوو ئێرلەندا دەبێ ئەویش لەگەڵ خۆتدا بێنیت.

- **هەر چەشنە بەڵگەیەکی تری سەفەر-** بریتییە لە بلیتی سەفەر و کارتی سواربوون و تەنانەت گەر بەپێی ناوی سەر پاسپۆرت یان بەڵگەنامەی ناسنامەی نیشتمانی بەکارهێندراو بۆ گەشتیار دەرنەکرابێت.

- **بەڵگەی تر** – ئەمە پێناسە، بڕوانامەی لەدایکبوون/ زەواج/ قوتابخانە، کارتی ئەندامیەتی و بەڵگەی تری پەیوەست بە داواکارییەکەت لەخۆ دەگرێت.

3.8.2 دەبێ **زۆر خێرا هەموو بەڵگە و بڕوانامەکان** بدەیت بەIPO بۆ پشتڕاستکردنەوەی داواکارییەکەت. دەبێ ئەمانە بدەیت بە IPO یان گەر کاتی پێشکەشکردنی داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی ناتوانیت ئەمە بکەیت، دەبێ زۆر خێرا بەر یان لە کاتی وتووێژی پاراستنی نێودەوڵەتی خۆتدا ئەوان پێشکەش بکەیت. گەر نەتوانیت هیچکام لەم پێداویستیانە پێشکەش بکەیت، دەبێ هەموو بەڵگە زیادییەکان لەو ماوەیەدا کە ڕەنگە لە وتووێژی پاراستنی نێودەوڵەتیدا پێت بدرێت بخەیە بەردەستی IPO.

3.8.3 بەپێی بارودۆخی پەیوەندیدار، لەوانەیە پێشکەش نەکردنی بەڵگە وەک **هەوڵنەدان بۆ هاریکاری** لەگەڵ پرۆسەی پاراستنی نێودەوڵەتی لەبەرچاو بگیرێت. تکایە سەردانی **بەشی 4.4 و بەشی 8.2** بکە.

### 3.9 بڕوانامەی ئیقامەی کاتی (TRC) چییە و کەی دەگاتە دەستم؟

3.9.1 کاتێک کە داواکاری خۆت پێشکەش دەکەیت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی و ئەم داواکارییە قبووڵ دەکرێت، وەک بەشێک لە پرۆسەی تۆمارکردنی سەرەتایی، بڕوانامەیەکی ئیقامەی کاتی(TRC) وەردەگریت. TRC بەڵگەیەکە کە پێشان دەدات داواکاری پاراستنت پێشکەشی ئێرلەندا کردووە.

3.9.2 TRC ناسنامە **نییە** و کەسایەتی تۆ ناسەلمێنێت بەڵام ئەو زانیارییە کەسیانەی تۆ لەخۆ دەگرێت کە داوتە بە IPO، لەوانە ناو، ڕێکەوتی لەدایکبوون و وڵاتنامە و هەروەها وێنەی خۆت.

3.9.3 TRC، دەتوانرێت درێژ بکرێتەوە، ئی وەزیرە و گەر وەزیر داوای بکات دەبێ ڕادەستی بکەیت. کاتێک کە مۆڵەتی هاتن و ئیقامە لە وڵاتی ( ئێرلەندا)ی تۆ وەک داواکاری پاراستن کاتی بەسەر بچێت، TRC بییەکەشت دەوەستێندرێت.

3.9.4 تکایە دڵنیا بە کە TRC یەکەت بەڕۆژ و نوێ ڕابگریت چونکە پیشان دەدات ڕێگەت هەیە بۆ پشکنینی داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی لە وڵاتی ( ئێرلەندا)دا بیت.

## 3.10 گەر کەمئەندام بم یان پێداویستی تایبەتم هەبێت چی دەبێت؟

3.10.1 تکایە زۆر خێرا هەر چەشنە پێداویستی تایبەت یان پێدوایستی پەیوەست بە وتووێژ بە IPO ڕابگەیێنە. هەروەها دەبێ هەرچەشنە پێداویستی تایبەتی خۆت لەو ڕۆژەدا کە داواکاری پێشکەش دەکەیت بە IPO ڕابگەیێنیت. IPO گەر بۆی بکرێت، هەوڵ دەدات ئەو پێداویستییە گونجاوانەت بۆ دابین بکات کە بە ئێمەت ڕاگەیاندووە.

## 3.11 گەر دەستبەسەر یان زیندانی بم، دەتوانم داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەش بکەم

3.11.1 دەتوانیت داوای پاراستنی نێودەوڵەتی بکەیت تەنانەت گەر دەستبەسەر یان زیندانی بیت لە وڵاتی (ئێرلەندا). تەنیا دەتوانیت داواکارییەکەت لە ڕێگەی بەڕێوەبەری دامەزراوەیەک کە لەوێدا دەستبەسەریت پێشکەش بکەیت. دەبێ دەستبەجێ نووسینگەی بەڕێوەبەر ئاگادار بکەیەوە کە دەتەوێ بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی داواکاری پێشکەش بکەیت. پاشان نووسینگەی بەڕێوەبەر هەماهەنگی پێویست دەکات لەگەڵ IPO دا بۆ پشکنینی داواکارییەکەت.

3.11.2 IPO پشکنین و بڕیاردان لە پەیوەندی لەگەڵ داواکاری کەسێک کە دەستبەسەرە دەخاتە ئەولەوییەت.

## 3.12 ئەو بارودۆخانە چین کە دەکرێ داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی تێیدا دەستبەسەر بکرێت؟

3.12.1 فەرمانبەرێکی کۆچکردن یان ئەندامێکی Garda Síochána دەتوانێت داواکار بەبێ فەرمانی دەستگیرکردن دەستبەسەر بکات، گەر ماقووڵانە گومانی هەبێت کە داواکار:

(i) هەڕەشەیەک بێت بۆ سەر ئاسایشی گشتی یان ڕێکوپێکی گشتی لە وڵاتی (ئێرلاند)،

(ii) تاوانی ناڕامیاری لە دەرەوەی وڵاتی (ئێرلاند) ئەنجام دابێت،

(iii) هەوڵێکی گونجاوی نەدابێت بۆ سەلماندنی کەسایەتی خۆی،

(iv) دەیەوێ وڵاتی (ئێرلاند) جێ بهێڵێت و بەبێ مۆڵەت بڕواتە ناو وڵاتێکی تر،

(v) وەهای ئیش کردووە یان بەنیازە وەها بکات ببێتە هۆی لاوازبوونی کەیسەکانی خوارەوە-

- سیستەمی پێدانی پاراستنی نێودەوڵەتی لە وڵاتی ( ئێرلەندا) بە کەسەکان،
- هەر ئامادەکاریەکی پەیوەست بە ناوچەی گەشت کردنی هاوبەش (سەردانی **بەشی 2.10** بکە)، یان

(vi) بەبێ هۆی گونجاو -

- بەڵگەی کەسایەتی یان بەڵگەی گەشتی خۆی لەناو بردبێت، یان
- لەئێستادا یان لەمەوبەر بەڵگەی کەسایەتی ساختە، دەستکاریکراو یان بەدیلی هەڵگرتبێت.

3.12.2 گەر لەبەر هەرکام لە هۆکارەکانی سەرەوە  دەستگیر بکرێیت، لەوانەیە بتبەنە شوێنی دەستبەسەرکردنی دیاریکراو. کەسی دەستبەسەرکراو دەبێ، دەستبەجێ، بڕواتە لای دادگای ناوچە District Court و لەوانەیە دادگا، بەپێی بارودۆخ کەسەکە مەحکووم بکات بە 21 ڕۆژی زیندانی بوون یان ئەو ئازاد بکات. گەر بڕیار نەدرابێت لەسەر داواکاری پارستنی نێودەوڵەتی، دەکرێ چەند وەخت جارێک خول و کاتی زیندانیبوون بۆ ماوەی  ئەوپەڕی 21 ڕۆژ درێژ بکرێتەوە. کەسێک کە دەستبەسەر دەکرێت بەپێی ئەم ڕیسایانە بۆی هەیە لەگەڵ پارێزەرێکدا ڕاوێژ بکات و بە مەبەستی ڕاوێژکردن لەگەڵ پارێزەردا و بۆ ئامادەبوون لە دادگادا یارمەتی لە وەرگێڕ وەربگرێت.

### 3.13 گەر کەسانی ناسەربەخۆی خوارووی 18 ساڵانم هەبێت چی ڕوو دەدات؟

3.13.1 دەکرێ ناوی منداڵی ناسەربەخۆی خوار 18 ساڵان، لە داواکارییەکەتدا بنووسرێت، بە مەرجێک هاووڵاتی ئیرلاند نەبێت، ئەمە دەکرێت جیا لەوەی منداڵەکە کاتی پێشکەشکردنی داواکارییەکەت لە وڵاتی (ئیرلاند) بێت یان نا.

3.13.2 کەوایە، گەر داوای پارستنی نێودەوڵەتی دەکەیت، وا گریمانە دەکرێت کە لایەن منداڵی ناسەربەخۆی خۆشتەوە داواکاری پێشکەش دەکەیت کە هاووڵاتی ئیرلاند نییە و

(ئ a)  کاتی پێشکەشکردنی داواکاری، لە وڵاتی (ئیرلاند) بووە و تەمەنی خوار 18 ساڵانە،

(ب b)  لەم ماوەیەدا کە داواکاریت پێشکەش کردووە، لە وڵاتی (ئیرلاند) لەدایک بووە،

(ج c)  تەمەنی خوار 18 ساڵانە و کاتێک کە داواکاری پێشکەش دەکەیت دێتە ناو وڵاتی (ئیرلاند).

3.12.3 گەر داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەیت و منداڵی ناسەربەخۆت هەیە، پێویستە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری ئەوان لەگەڵ خۆتدا بێنیت بۆ IPO.

3.13.4 **تێبینی گرنگ: گەر پاش ئەوەی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیت پێشکەش کرد، منداڵەکەت لەدایک بوو، یان هەرکام لەو کەسانەی پشتیان بە تۆ بەستووە پاش پێشکەشکردنی داواکارییەکەت هاتنە ناو وڵاتی (ئیرلاند) دەبێ دەستبەجێ منداڵ/ منداڵەکانت بهێنییە IPO.**

### 3.14 لەکوێ دەتوانم داوای ڕاوێژکاری یاسایی بکەم؟

3.14.1 بۆت هەیە ڕاوێژ بکەیت لەگەڵ پارێزەردا لەسەر داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی. دەتوانیت سوود وەربگریت لە خزمەتگوزاری لێژنەی یارمەتی(LAB) کە

(*i*)  بۆ پشتگری لە داواکارییەکەت یارمەتی یاسایی و ڕاوێژکاری پێشکەش دەکات.

(*ii*)  ڕاوێژکاریت پێدەدات لە پەیوەندی لەگەڵ پرسنامەی پاراستنی نێودەوڵەتیت لەوانە بە هەر هۆیەک کە ڕەنگە بتەوێ بەپێی ئەو داوا لە وەزیر بکەیت مۆڵەتی مانەوە لە وڵاتی (ئیرلاند)ت پێبدات.

(*iii*) بۆ ئامادەبوون بە مەبەستی وتووێژی پاراستنی نێودەوڵەتی و هەر چەشنە لێداوانێکی نووسراو بۆ وەزیر یارمەتیت دەدات.

(*iv*) گەر ئاکامی ئامۆژگاری پەیوەست بە داواکارییەکەت نێگەتیڤ (نەرێنی) بێت، نوێنەرایەتی تۆ لە ئەستۆ بگرێت لە هەر داواکارییەکی پێداچوونەوەدا کە لەوانەیە بیدەیت بە دادگای پێداچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی (IPAT.

3.14.2 زانیاری پەیوەندی لەگەڵ لیژنەی یارمەتی یاسایی LAB لە **پاشکۆی** ئەم بەڵگەیەدا هاتووە.

3.14.3 گەر ناتەوێ خزمەتگوزاری لیژنەی یارمەتی یاسایی LAB بەکاربێنیت دەتوانیت بە تێچوونی خۆت پارێزەرێکی تاکەکەسیت هەبێت. گەر دەتەوێ پرس بکەیت بە پارێزەرێکی تاکەکەسی، دەبێ دڵنیا ببیەوە کە وەک پارێزەری یاسایی یان پارێزەری دادگای باڵا barrister لە وڵاتی (ئیرلاند)دا ناوی تۆمار کردبێت.

## 3.15 دەتوانم داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیم هەڵوەشێنمەوە؟

3.15.1 بەگشتی دەکرێ داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیت هەرکات هەڵوەشێنیتەوە بەرلەوەی ڕاپۆرتی پەیوەست بە داواکارییەکەت لە لایەن بەرپرسێکی پاراستنی نێودەوڵەتییەوە ئامادە بکرێت. دەکرێ ئەمە بە ناردنی ئاگاداری هەڵوەشاندنەوەی داواکاری بۆ IPO جێبەجێ بکەیت. لەم ڕاگەیاندنەدا دەبێ نوێترین ناونیشان، ژمارە ڕێفرێنس و واژۆکەت هەبێت. گەر منداڵانی پشتبەستوو بە تۆش لە داواکارییەکەتدا ناویان هاتووە، دەبێ لە ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەدا زانیاری ئەوانیش بنووسیت.

3.15.2 کاریگەری هەڵوەشاندنەوەی داواکاری ئەمەیە کە توانایی پێشەکەشکردنی پێداچوونەوە بۆ IPAT نابێت وەزیر بارودۆخی پەنابەریەتی یان پاراستنی دووەمیت ڕەت دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، تکایە سەرنج بدە وەزیر ئەم کێشەیەیە لەبەرچاو دەگرێت کە ئاخۆ بە هۆی تر مۆڵەتی مانەوەت پێبدرێت یان نا. لەوانەیە بڕیاری چوونەدەر لە وڵاتت بۆ دەرکرێت، مەگەر هۆیەکی ترت هەبێت بۆ مانەوە لە وڵاتی (ئیرلاند)دا.

3.15.3 بەر لە هەڵوەشاندنەوەی داواکاری خۆت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی دەبێ سوود وەربگریت لە ڕاوێژکاری یاسایی بۆئەوەی دڵنیا ببیەوە کە بەتەواوەتی لە ئاکامی بڕیارەکەت تێدەگەیت.

## بەشی 4
## وتووێژ و پشکنین

### 4. 1 لە وتووێژی پاراستنی نێودەوڵەتیمدا دەبێ چاوەڕێی چی بکەم؟

4.1.1 **بە نووسراوە لە لایەن IPO** هەندێک زانیاری دەربارەی ڕێکەوت، کات و شوێنی وتووێژی پاراستنی نێودەوڵەتیت پێدەدرێت. وتووێژەکەت تاکەکەسی دەبێت. گەر داوای بەرپرسی وتووێژی پیاو یان ژن و/ وەرگێرت کردووە، IPO گەر بۆی بکرێت و ئەمە جێبەجێ دەکات.

4.1.2 وتووێژەکەت هەلێکە بۆئەوەی لە نزیکەوە لەگەڵ IPOدا قسە بکەیت و ڕوونکردنەوەی تەواو پێشکەش بکەیت لەسەر هۆی ئەمە کە بۆچی وڵاتی خۆت/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی خۆت جێهێشتووە و بۆچی لە گەڕانەوە دەترسیت. زۆر گرنگە لەم وتووێژەدا بەشداری بکەیت و ئێمە هەوڵ دەدەین ئەوەندەی بکرێت وتووێژەکە تاکەکەسی و دڵنیاکەرەوە بێت. زۆر گرنگە ڕاستگۆیانە ڕوونکردنەوەیەکی تەواو پێشکەش بکەیت لەسەر چی ڕوو یداوە لێت و ئەمە کە گەر بگەڕێیەوە بۆ وڵاتی خۆت/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی خۆت، لە کێ و لە چی دەترسیت.

4.1.3 ئێمە وتووێژەکە بە زمانێک جێبەجێ دەکەین کە لە ڕووی لۆجیکییەوە لەو تێبگەیت و بتوانیت پەیوەندی بەدیبێنیت. ڕاپۆرتە نووسراوەکانی وتووێژ لە لایەن بەرپرسی پاراستنی نێودەوڵەتییەوە ئامادە دەکرێت و لە کاتی گونجاو و ڕێکوپێکدا بۆت دەخوێندرێنەوە بۆئەوەی بتوانیت هەر چەشنە ڕاستکردنەوەیەک لەودا جێبەجێ بکەیت یان زانیاری زیاتر پێشکەش بکەیت. داوات لێدەکرێت هەموو لاپەڕەی وتووێژ واژۆ بکەیت بۆئەوەی دەرکەوێت زانیاری پێشکەشکراوەکان ڕاستن.

4.1.4 زۆر گرنگە هەر چەشنە بەڵگە یان زانیارییەک کە بۆ پشتڕاستکردنەوەی شرۆڤەکردنەکەت هەتە لە کاتی وتووێژ(یان گەر بکرێت، بەرلەو)دا پێشکەش بکەیت. گەر بەڵگەی ترت هەیە و دەتەوێ پاش وتووێژەکە پێشکەشیان بکەیت، دەبێ ئەمە لە ماوەی ڕاگەیێندراو لە لایەن IPOدا جێبەجێ بکەیت.

4.1.5 ئێمە هەرچەشنە زانیاری تایبەتی ڕەگەز و هەر جۆرە زیان بەرکەوتنێک لەبەرچاو دەگرین کە لە داواکارییەکەتدا لە ماوەی پرۆسەی پشکنیندا باست کردبێت.

4.1.6 **لە وتووێژی پاراستندا، لەسەر پرسەکان ڕاستەوخۆ پرسیارێکت لێناکرێت کە پەیوەست بە مانەوە بێت. ئەم وتووێژە تەرکیز دەکاتە سەر داواکاری پاراستنی تۆ.** لەگەڵ ئەوەشدا، گەر باسی هەندێک پرس بکرێت (بۆ نموونە، بارودۆخی خێزانیت) بەرپرسی پاراستنی نێودەوڵەتی تۆماریان دەکات. گەر IPO ڕاسپێرێت کە نابێ پاراستنی نێودەوڵەتیت پێبدرێت، ئەمە لەبەرچاو دەگیرێت کە ئاخۆ بە هۆی تر مۆڵەتی مانەوەت پێبدرێت یان نا و بۆ ئەم مەبەستە هەر چەشنە زانیاری پەیوەستی پێشکەشکراو لە ماوەی پرۆسەی داواکاری پاراستندا لەبەرچاو دەگیرێت.

## 4.2 دەتوانم بە مەبەستی یارمەتی کەسێک لەگەڵ خۆمدا بێنم بۆ وتووێژی پاراستنی نێودەوڵەتی؟

4.2.1 وتووێژەکەت تاکەکەسی دەبێت. پارێزەرەکەت بۆی هەیە لە وتووێژەکەدا ببێت. گەر ڕاوێژکاری یاسایی وەردەگریت لە لیژنەی یارمەتی یاساییLegal Aid Board ، دەبی پرسیار بکەیت لە پارێزەرەکەت ئاخۆ دەتوانێت لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بێت یان نا. بەگشتی، کەسێکی تر بۆی نییە بەشدار بێت، مەگەر تەمەنت خوارووی 18 ساڵان بێت کە ئەوکاتە دەبێ سەرپەرشت یان یان نوێنەرێکی TUSLA – ڕێکخراوەی خێزان و منداڵ بەشداری بکات.

4.2.2 کەسێک کە لەگەڵ تۆدا هاتووە بۆی نییە وەڵامی هیچ پرسیارێکی پەیوەست بە تۆ بداتەوە.

4.2.3 گەر بتەوێ پارێزەر لەگەڵ خۆتدا بێنیت، ڕێگەی پێدەدرێت سەیری وتووێژە بکات. لە سەرەتا و کۆتایی وتووێژەکەدا دەرفەتێک دەدرێت بە پارێزەرەکەت بۆئەوەی هەر خاڵێک کە بە پێویست دەزانێت، باس بکات. ئەو بۆی نییە لە جێگەی تۆ وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.

## 4.3 چی دەبێت گەر نەتوانم یان نەمەوێ لە وتووێژدا بەشداری بکەم؟

4.3.1 لەبەرئەوەی ئەرکی تۆیە چالاکانە لەگەڵ پرۆسەی پشکنیندا هاریکاری بکەیت، وتووێژەکە تەنیا بە هۆی نەخۆشی یان یان هۆی تری **نائاسایی** دوا کەوێت. گەر پێت وایە لەوانەیە بۆ هاتنی وتووێژ کێشەت هەبێت، دەبێ **زۆر خێرا** IPO ئاگادار کەیەوە. چاوەڕوانی ئەوەت لێدەکرێت بەر لە وتووێژ بەڵگەی پزیشکی هەر چەشنە نەخۆشی پێشکەشی IPO بکەیت لە لایەن پزیشک (پزیشکی گشتیGP یان ڕاوێژکار)ی خۆتەوە.

4.3.2 گەر لە ڕێکەوت و کاتژمێری دیاریکراودا بەشداری نەکەیت لە وتووێژی تاکەکەسیدا و <u>لە ماوەی سێ ڕۆژی ئیشکردن لەو ڕێکەوتەوە</u> ڕوونکردنەوەیەکی پاساوهەڵگر نەدەیت بە IPO، بەپێی ئەو زانیاریانەی کە تاکوو ئەم قۆناغە لە پرۆسەی پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەشت کردووە، IPO هەڵدەستێت بۆ پشکنینی داواکارییەکەت. بە واتایەکی تر، دەرفەتی ڕوونکردنەوەی پرسەکان لە وتووێژدا لەکیس دەدەیت و داواکاری بەپێی پرسنامە و هەر چەشنە بەڵگەیەک کە بەر لە کاتی دیاریکراوی وتووێژ ناردووتە، پشکنینی بۆ دەکرێت.

## 4.4 ئایا ئەرکی منە هاریکاری پرۆسەی داواکاری بکەم و ئاکامی هاریکارینەکردن چییە؟

4.4.1 ئەرکی تۆیە چالاکانە هاریکاری بکەیت لەگەڵ پشکنینی داواکاری خۆتدا بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی.

4.4.2 ئەرکی تۆ بۆ هاریکاری بەرفراوانە و بریتییە لە پێداویستی

(i) بە ڕاستگۆیی و پێدانی هەموو زانیارییەکی پێویست بۆ سەلماندنی داواکارییەکەت لە خێراترین کاتێکدا کە لە ڕووی لۆجیکییەوە بکرێت (ئەمە ئەو وتە و بەڵگانە لەخۆ دەگرێت کە دەربارەی پێکهاتە گرنگەکانی داواکارییەکەتدا هەتە)، و

(ii) هەروەها هاریکاری لە بواری پشکنینی داواکارییەکەت بۆ بڕیاردان لەسەر هەرچەشنە داواکارییەکی پێداچوونەوە لەخۆ دەگرێت.

4.4.3 تۆ ناچاریت بە ڕەچاوکردنی هەموو بەڵێنییە نووسراوەکانی تر لە یاسای پاراستنی نێودەوڵەتی 2015دا. لەم بوارەدا **سەردانی بەشی 8** بکە.

4.4.4 گەر بۆچوونی وەزیر لەسەر ئەمە بێت

(i) کە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانت بە مەبەستی هاریکاری لە پشکنینی داواکارییەکەتدا کەمتەرخەم بوویت، یان

(ii) پابەندی خۆت بۆ جێنەهێشتن یان هەوڵدان بۆ جێهێشتنی وڵاتی (ئیرلاند) بەبێ ڕەزامەندی وەزیر پێشێل کردووە، یان

(iii) پابەندی خۆت بۆ پێراگەیاندنی ناونیشان و هەرچەشنە گۆڕانکارییەک لە ناونیشانییەکەتدا بە وەزیر بە زووترین کات پێشێل کردووە، یان یا

(iv) پابەندی خۆت بۆ ڕەچاوکردنی ڕاگەیاندنێک پێشێل کردووە کە تۆ ناچار دەکات بە:

- لە ناوچەیەک یان شوێنێکی دیاریکراو لە وڵاتی ( ئێرلەندا)دا نیشتەجێ بیت یان بمێنییەوە

و

- لە مەودای زەمەنی دیاریکراودا ڕاپۆرت بدەیت بە بەرپرسێکی کۆچکردن، یان بنکەیەکی پۆلیس Garda Síochána ی دیاریکراو،

وەزیر بە نووسراوە بۆچوونی خۆیت پێدەڵێتەوە و داوات لێدەکات <u>لە ماوەی 10 ڕۆژی ئیشکردندا</u>، وەڵامەکەت پێشکەش بکەیت. داوات لێدەکرێت پشتڕاستی بکەیەوە کە دەتەوێ لێپرسینەوە بکرێت بۆ داواکارییەکەت و ئەرکی هاریکردنت وەبیر دەهێندرێتەوە.

4.4.5 ئەگەر

(*a*) وەڵام نەدەیەوە،

یان، پاش ڕەچاوکردنی وەڵامەکەت،

(*b*) وەزیر بەو ئاکامە بگات هاریکاری پرۆسەی پاراستن ناکەیت،

پشکنینی داواکارییەکەت دەکرێت بەپێی ئەو زانیاریانە کە بەرلەو کاتە پێشکەشت کردووە.

## 4.5 پڕۆسەی سەرەکی پشکنین، لەوانە وتووێژی تاکەکەسی چییە؟

4.5.1 IPO لێکۆڵینەوە بۆ داواکاریەکەت دەکات بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی بۆئەوەی لەسەر کەیسەکانی خوارەوە بە ئاکامێک بگات:

- یەکەم، ئاخۆ شایانی مافی بارودۆخی پەنابەریەتیت یان نا و گەر نا،
- ئاخۆ شایانی مافی پاراستنی دووەمیت.

4.5.2 ئەم پرۆسەیە بەگشتی پێویستی بە جێبەجێکردنی ئەمانەی خوارەوەیە

- وتووێژێکی تاکەکەسی،
- پشکنینی داواکارییەکەت لەوانە هەموو ئەو زانیاریانە کە لە لایەن تۆوە بە نووسراو یان لە وتووێژدا پێشکەش کراوە و
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ئاکامی دەستکەوتوو لە پشکنین. ئەم ڕاپۆرتە بریتییە لە دەرەنجامەکان و پێشنیارەکان لەم بوارەدا کە ئاخۆ شایانی مافی بارودۆخی هەرکام لە شێوەی پاراستنی نێودەوڵەتیت یان نا.

**وتووێژی تاکەکەسی**

4.5.3 ئامانجی وتووێژی تاکەکەسی دیاریکردنی وردەکاری تەواوی داوای تۆیە بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی. بەگشتی ژن و مێرد، هاوژین بەجیا وتووێژیان لەگەڵدا دەکرێت.

4.5.4 لە وتووێژدا دەبێ

(i) کورت و ڕوون شرۆڤە بکەیت بۆ داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەیت ،

(ii) کورت و ڕوون شرۆڤە بکەیت (گەر پێویست بکات) بۆ داوای پاراستنی نێودەوڵەتی کەسانی پشتبەستوو بە خۆت دەکەیت،

(iii) هەموو زانیاری، بەڵگە و وردەکاری پەیوەست بە بارودۆخی تایبەتی خۆت و کەسانی پشتبەستوو بە خۆت پێشکەش بکە، بەتایبەت زانیاری پەیوەست بە ئەمە کە بۆچی خۆت و کەسانی پشتبەستوو بە تۆ ناتوانن بگەڕێنەوە وڵاتی خۆت/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی خۆت.

4.5.5 ئەرکی تۆ ئەوەیە بەتەواوەتی هاریکاری بکەیت و تەواو ڕاستگۆ بیت. نەکردنی ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر ڕاستگۆیی وتەکانت **و لەوانەیە ببێت بە هۆی ئەم ئاکامە کە بۆ پشکنینی داواکارییەکەت هاریکاری ناکەیت (سەردانی برگەکانی 4.4.4 و .4.4ی سەرەوە بکە)**.

4.5.6 لەوانەیە وتووێژکارێک کە وتووێژەکە جێبەجێ دەکات، گەر بە پێویستی بزانێت، وتووێژ بکات لەگەڵ کەسانی پشتبەستووی نووسراو لە داواکارییەکەتدا.

4.5.7 بۆ دڵنیابوونەوە لە بەدیهاتنی پەیوەندی گونجاو، گەر بکرێت و پێویست بێت، وتووێژ بە یارمەتی وەرگێڕێک جێبەجێ دەکرێت.

4.5.8 وەرگێر پێویستە لەسەری سروشتی نهێنی بوونی وتووێژ ڕەچاو بکات و بۆی نییە بە درکاندن، مشتومڕ، بەکارهێنان، یان گواستنەوەی هەر چەشنە زانیارییەکی کۆکراوە لە کاتی بەجێهێنانی ئەرکی خۆی لە لای کەسێکی تردا.

4.5.9 وتووێژەکەت لە لایەن وتووێژکارێک جێبەجێ دەکرێت کە لە بواری وتووێژ لەگەڵ کەسانێکیدا کە داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەن ڕاهێنانی بۆ کراوە و زانیاری تەواوی لەبەردەستە دەربارەی وڵاتی تۆ/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی تۆ.

4.5.10 ڕاپۆرتی نووسراو، چاپکراوی وتووێژ لە لایەن وتووێژکارەوە دەپارێزرێت. تۆ هەلت هەیە بۆ پێداچوونەوەی تۆمارەکە و داوات لێدەکرێت هەر لاپەڕەیەک واژۆ بکەیت بۆ پشتڕاستکردنەوەی وتووێژەکەت بەوردی لە لایەن وتووێژکارەوە. **گەر پێتوایە هەر چەشنە بابەتێکی نووسراو یان چاپکراو لەم ڕاپۆرتەدا ڕێک و دروست نییە، دەبێ ڕاستەوخۆ بە وتووێژکار ڕابگەیێنیت و لە ماوەی وتووێژدا دەرفەتێکت پێدەدرێت بۆئەوەی پرسەکان ڕوون بکرێنەوە.**

4.5.11 دەتوانیت وتەکانت لە پەیوەندی لەگەڵ هەر بابەتێکی پەیوەست بە پشکنینی داواکارییەکەتدا بە نووسراوە بدەیت بە IPO. هەر کەسێکی تریش کە بە جۆرێک لەگەڵ ئەم داواکارییەدا لە پەیوەندی دایە، دەتوانێت ئەمە بکات، گەرچی ڕێکخراوی UNHCR یش دەتوانێت ئەمە بکات. باشترە ئەم لێدوانانە بەر لە وتووێژ پێشکەش بکرێت. IPO لێکۆڵینەوەی هەموو وتەکانی لەم چەشنە دەکات کە بەر لە وتووێژ یان لە ماوەی وتووێژ لەگەڵ تۆدا پێشکەش کرابێت و هەروەها لەوانەیە وتەی باسکراو پاش وتووێژیش لەبەرچاو بگرێت بە مەرجێک بەر لە تەواوکردن ڕاپۆرتی پەیوەست بە داواکاری پێشکەش کرابێت.

4.5.12 دەکرێ بۆچوونی بەرپرسی پاراستنی نێودەوڵەتی بە شێوەی خوارەوە بێت لەوانەیە واز لە وتووێژی تاکەکەسی بهێندرێت

(*i*) بەڵگەکان دەریدەخەن کە داواکار کەسێکە کە دەبێ ڕاگەیاندنی پەنابەریەتی پێندرێت؛

(*ii*) داواکار، کە تەمەنی خوار 18 ساڵانە، تەمەنی هێندە کەمە یان مێردمنداڵە کە وتووێژ یارمەتییەک نابێت بۆ پشکنین، یان،

(*iii*) داواکار بەپێی بارودۆخێک کە بەسەری هاتووە و بەدەستی خۆی نەبووە ناتوانێت وتووێژ بکات.

**پشکنینی داواکارییەکەت و ئامادەکردنی پێشنیار**

## 4.6 پاش وتووێژەکەم چی دەبێت؟

4.6.1 IPO لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر هەموو زانیارییەکانی پەیوەست لە پەیوەندی لەگەڵ داواکارییەکەتدا بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی و بە پێی ئەوان ڕاسپاردەیەك ئامادە دەکات.

## 4.7 ئەگەرەکانی **ئاکامی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی چییە؟**

4.7.1 بەرپرسی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتێکی نووسراو پێشکەش دەکات کە بریتییە لە پشنیارێک لەسەر داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی. پێشنیارەکە یەکێک لەوانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

(*i*) کە دەبێ ڕاگەیاندنی پەنابەریەتیت پێبدرێت،

(*ii*) کە نابێ ڕاگەیاندنی پەنابەریەتیت پێبدرێت، بەڵام دەبێ ڕاگەیاندنی دووەمیت پێبدرێت،

(*iii*) کە نابێ نە ڕاگەیاندنی پەنابەریەتی وە نە پاراستنی دووەمیت پێبدرێت.

4.7.2 لەو کەیسانەدا کە پێشنیار دەکرێت نابێ ڕاگەیاندنی پەنابەریەتی یان پاراستنی نێودەوڵەتیت پێبدرێت، ڕاپۆرتی بەرپرسی پاراستنی نێودەوڵەتی لەوانەیە یەک یان چەند دەرەنجامی خوارەوەش لەخۆ بگرێت:

(*i*) کە داواکارییەکەت تەنیا باسی لەو پرسانە کردووە کە پەیوەندییەکی نییە لەگەڵ ئەوەدا کە شایانی مافی پاراستنی نێودەوڵەتیت یان یان کەمترین پەیوەندی هەیە،

(*ii*) کە وتەی جیاواز، دژ بە یەک یان ناتەواوت باس کردووە کە دەبێتە هۆی ئەمە کە وتەکانت بۆ مافی پاراستنی نێودەوڵەتی بەئاشکرایی قایلکەر نەبێت،

(*iii*) کە بەبێ هۆی ماقووڵانە و سەرەڕای ئەمەکە دەرفەتت هەبووە، بە زووترین کات کە لە ڕووی لۆجیکییەوە گونجاو بووە داواکارییەکەت پێشکەش نەکردووە،

(*iv*) کە پێویستت بە پاراستنی نێودەوڵەتی نییە چونکە ئەم پاراستنە لە بەشێک لە وڵاتی خۆت/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی تۆ لەبەردەستە،

(*v*) کە وڵاتی خۆت/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی تۆ وەک وڵاتی خۆت/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی وڵاتێکی ئارامە.

لەو کەیسانەدا کە ڕاپۆرتی یەکێک لە دەرەنجامەکانی سەرەوە لەخۆ دەگرێت مەودای کورتتر بۆ پێشکەشکردنی داواکاری پێداچوونەوە بۆIPAT جێبەجێ دەکرێت. بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر پرۆسەی پێداچوونەوە سەردانی **بەشی 5** بکە.

4.7.3 وەك بەشێكی تاكە پرۆسەیەك ، گەر مافی بارودۆخی پەنابەری یان پاراستنی دووەمیت نەبێت، پاشان وەزیر لێکۆڵینەوە دەکات بۆئەوەی ئاخۆ هۆیەک هەیە تاکوو مۆڵەتی مانەوەت پێبدرێت لە وڵاتی (ئیرلاند). تکایە سەردانی **بەشی 1.6 و بەشی 13** بکە.

4.7.4 وەزیر پێشنیاری بەرپرسی پاراستنی نێودەوڵەتی هەم بە تۆ هەم بە پارێزەرەکەت (گەر هەبێت) ڕادەگەیێنێت ، لە ڕێگەی پۆستی تۆمارکراوەوە. گەر ڕاسپاردەکە ئەمە بێت کە دەبێ پەنابەریەتیت پێبدرێت، تەنیا ئاگاداری ئەم بابەتە دەکرێیەوە.

گەر پێدانی بارودۆخی پەنابەریت یان هەردوو بارودۆخی پەنابەریت و پاراستنی دووەمیت ڕەت بکرێتەوە، بابەتەکانی خوارەوەت بۆ دەنێردرێت:

(*i*) ڕاگەیاندنێکی پەیوەست بە هۆکارەکانی ڕاسپاردەکە،

(*ii*) کۆپییەک لە ڕاپۆرت کە ڕاسپاردەکە لەخۆ دەگرێت و

(*iii*) زانیاری پەیوەست بە شێوازی داواکاری پێداچوونەوەی ئەم ڕاسپاردەیە بۆ IPAT.

4.7.5 گەر ڕوون بێتەوە مافی پاراستنی نێودەوڵەتیت نییە، بڕیارێک و ئاماژە پێکردنی هۆی ئەم بڕیارەشت دەگاتە دەست لەسەر ئەمە کە ئاخۆ وەزیر بڕیاری داوە بە هۆی تر مۆڵەتی مانەوەت پێبدرێت یان نا.

4.7.6 دەکرێ لەسەر پێشنیار بۆ پێنەدانی پاراستنی نێودەوڵەتی (بارودۆخی پەنابەریەتی یان هەم بارودۆخی پەنابەریەتی و هەم پاراستنی دووەمی) داواکاری پێداچوونەوە بدەیت بە IPAT. بڕیاری IPAT لەسەر داواکاری پێداچوونەوەی تۆ و هۆکارەکانی، بە تۆ و بە پارێزەرەکەت(گەر هەبێت) ڕادەگەیێندرێت.

4.7.7 <u>گەر بڕیاری وەزیر بەو پێیە بێت کە مۆڵەتی مانەوەت پێنەدرێت، بۆت نییە داواکاری پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت.</u>

4.7.8 گەر لەسەر پێشنیاری پێنەدانی پاراستنی نێودەوڵەتیدا داواکاری پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت و IPAT یش پێشنیاری ئاماژەپێکراو پشتڕاست بکاتەوە، ئینجا هەر چەشنە زانیارییەکی نوێی پەیوەست بە گۆڕانکاری بارودۆخ (پەیوەست بەو بڕیارە)ت پێشکەش کردبێت لە کاتی بڕیاردانی سەرەکییەوە، وەزیر پشکنینی دوبارەی بڕیاری پێنەدانی مۆڵەتی مانەوەت بۆ دەکات ( **سەردانی بڕگەی 13.5 بکە**).

## 4.8 چی دەبێت گەر لە ماوەی 6 مانگدا لەسەر داواکارییەکەم بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی پێشنیارێکم نەگاتە دەست ؟

4.8.1 گەر لە 6 مانگدا پێشنیاری پەیوەست بە داواکارییەکەت نەگاتە دەست، وەزیر بەپێی داواکارییەکەت، دەبێ زانیاری پەیوەست بە مەزەندەکردنی کاتی پێشکەشکردنی پێشنیارت بخاتە بەردەست. لەگەڵ ئەوەشدا لەم ماوەیەدا لەخۆوە IPO ناچار بە پێشکەشکردنی پێشنیار ناکات.

## بەشی 5
## داواکاری پێداچوونەوە و پاراستنی نێودەوڵەتی

**5.1 ئایا مافی داواکاری پێداچوونەوەم هەیە لەسەر ڕاسپاردەی پاراستنی نێودەوڵەتی خۆم یان پێشنیاری تر؟**

5.1.1 بەڵێ. گەر ڕاسپێردرێت کە مافی بارودۆخی پەنابەریەتی یان پاراستنی نێودەوڵەتیت نییە دەتوانیت لەسەر ئەم پێشنیارە داواکاری پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت.

5.1.2 هەروەها بۆت هەیە داوای پێداچوونەوە بکەیت لەسەر پێشنیارێك بەو پێیە کە

(i) داواکاری پاراستنت پەسەندنەکراوە، یان

(ii) ڕێگات پێنەدراوە داواکاری دواتر بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەش بکەیت.

**5.2 چۆن داوای پێداچوونەوە بکەم؟**

5.2.1 دەبێ داواکارییەکی پێداچوونەوە بنێریت بۆ دادگای پێداچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی. کاتێک پێشنیارەکە دەگاتە دەستت کۆپییەک لە فۆرمی داواکاری پێداچوونەوەشت پێدەدرێت کە دەبێ پری بکەیەوە.

**5.3 ئاستەنگی کات بۆ ڕادەستکردنی داواکاری پێداچوونەوە چی‌یە؟**

5.3.1 وردەکاری ئاستەنگی کات پەیوەست لە پێشنیارەکەتدا هاتووە.

**5.4 بۆ داواکاری پێداچوونەوە مافی هەبوونی پارێزەرم هەیە ؟**

5.4.1 بەڵێ. تۆ دەبێ لەسەر داواکاری پێداچوونەوەکەت لەگەڵ پارێزەرەکەتدا قسە بکەیت. گەر پارێزەرت نییە، دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە لێژنەی یارمەتی یاساییەوە. هەروەها بۆت هەیە پارێزەری تاکەکەسیت دابمەزرێنیت بە تێچوونی خۆتەوە بۆئەوەی یارمەتیت بدات.

**5.5 لێپرسینەوەی داواکاری پێداچوونەوەی من کەی دادگایی دەکرێت؟**

5.5.1 دادگای پێداچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی پەیوەندیت پێوە دەکات و ڕایدەگەیێنێت کەی لێپرسینەوەی داواکاری پێداچوونەوەی تۆ دەکرێت.

**5.6 لەکوێ دەکرێ زانیاری زیاتر لەسەر پرۆسەی پێداچوونەوە بەدەست بێنم؟**

5.6.1 دەکرێ سەیری زانیاری پەیوەست بە پرۆسەی پێداچوونەوە دەربارەی پاراستنی نێودەوڵەتی بکەیت لە ماڵپەڕیIPATدا بە ناونیشانی www.protectionappeals.ie.

## بەشی 6
## ڕاگەیاندنی پەنابەریەتی یان بارودۆخی پاراستنی دووەمی

### 6.1 چی دەبێتپاش ئەوەی ڕاسپاردەیەك گەیشتە دەست ؟

6.1.1 گەر IPO پێشنیار بکات کە دەبێ ڕاگەیاندنی پەنابەریەتی یان پاراستنی دووەمیت پێبدرێت، یان IPAT پێشنیاری نێگەتیڤی IPO ڕەت بکاتەوە، بە زووترین کات وەزیر ڕاگەیاندنێکی پەنابەریەتی یان پاراستنی دووەمی (هەرکام کە گونجاو بێت) دەدات بە تۆ. ئەمە دەکەوێتە بەر **بڕگەی 6.1.4** ی خوارەوە.

6.1.2 گەر IPO ڕاسپێرێت نابێ هیچکام لە دوو شێوەی ڕاگەیاندنت پێبدرێت و

(*i*) تۆ داوای پێداچوونەوە نەکەیت، یان،

(*ii*) گەر داوای پێداچوونەوە بکەیت و سەرکەوتوو نەبیت،

وەزیر ڕێگە نادات بە پێدانی ئەم دوو شێوە ڕاگەیاندنە.

6.1.3 گەر ببیت بە هاووڵاتی ئێرلەندی، ڕاگەیاندنی پەنابەری یان پاراستنی دووەمی دەوەستێندرێت.

6.1.4 تەنانەت ئەگەر IPO پێشنیار بدات کە دەبێ ببیت بە پەنابەر یان IPAT وەها بڕیارێک لەبەرچاو بگرێت سەبارەت بە داواکاری پێداچوونەوەا، لەوانەیە وەزیر ڕاگەیاندنێکت پێ نەدات کە:

(*i*) هۆکاری لۆجیکی و ماقووڵانە هەبێت لەم بوارەدا کە تۆ مەترسییەکی بۆ سەر ئاسایشی وڵاتی (ئێرلاند)، یان

(*ii*) وەک مەترسییەک دادەندرێیت بۆ سەر کۆمەڵگا لە وڵاتی (ئێرلاند)، چونکە تاوانبارکراویت بە تاوانێکی مەترسیدار بە بڕیاری کۆتایی (لەناوەوە و دەرەوەی وڵاتی (ئێرلاند).

## بەشی 7
## مافەکانت ئەگەر پاراستنی نێودەوڵەتیت پێبدرێت

### 7.1 ئەگەر پاراستنی نێودەوڵەتیم هەبێت مافەکانم چین؟

7.1.2 کاتێک ڕاگەیاندنی پەنابەریەتی یان پاراستنی دووەمیت دەگاتە دەست، بەپێی ڕێسا و یاسای پاراستنی نێودەوڵەتی، 2015 ئەم مافانەی خوارەوەت دەبێت:

(i) دەبێت بگەڕێیت بە دوای ئیش ، خەریکی هەرچەشنە بیزنس، بازرگانی یان پیشە بیت و لە وڵاتی (ئیرلاند)دا وە بچیتە خوێندن و ڕاهێنان و لە هەموو ڕوویەکەوە بە هەمان شێوە و بە هەمان ڕادە بێت کە هاوولاتییەکی ئیرلاندی لەبەردەستیەتی؛

(ii) بەپێی بارودۆخی هاوشێوەی جێبەجێکراو لەسەر هاووڵاتیانی ئیرلاند، چاودێری پزیشکی هاوشێوە و سوود و یارمەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی هاووڵاتیانی ئیرلاندت هەبێت؛

(iii) لە وڵاتی (ئیرلاند)دا بۆ **مەودایەکی دیاریکراو** کە کەمتر لە سێ ساڵ نەبێت نیشتەجێ بیت و پاش پشکنینی بارودۆخ درێژ بکرێتەوە و

(iv) مافی گەشت بۆ ناوەوە و دەرەوەی وڵاتی (ئیرلاند)ت هەبێت وەک هاووڵاتیانی ئیرلاند و سوود وەربگریت لە بەڵگەی گەشت کردن.

## بەشی 8
## ماف و بەڵێنییەکانت لە پرۆسەی پاراستنی نێودەوڵەتیدا

### 8.1 مافی من چییە لە پرۆسەی داواکاری نێودەوڵەتیدا؟

8.1.1 جگە لەو کەیسانە کە کەیسەکەت بەپێی یاسای دبلنی یەکیەتی ئەورووپا لێپرسینەوەی بۆ بکرێت و ئینجا لەوانەیە ڕێکخستنی تر جێبەجێ بکرێت (سەردانی **بەشی 10** بکە)، مافی تۆ وەک داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی بریتییە لە:

(*i*) وەزیر ڕێگەت پێدەدات بە مەبەستی پشکنینی داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی لە لایەن IPO و داواکاری پێداچوونەوەکەت لە لایەن IPATەوە، بێیە ناو وڵاتی (ئیرلاند) و لەوێدا بمێنییەوە. سەردانی پەرەگرافی **8.1.2** بکە

(*ii*) بۆت هەیە گەر بکرێت، وەرگێرێکت هەبێت بۆئەوەی سەبارەت بە بەدیهاتنی پەیوەندی گونجاو دڵنیایی دەستەبەر بکرێت.

(*iii*) بۆت هەیە ڕاوێژکاری و یارمەتی یاسایت وەربگریت لە دەستەی یارمەتی یاسایی Legal Aid Board. هەروەها دەکرێ گەر بتەوێ بە تێچوونی خۆت پارێزەری تاکەکەسیت هەبێت.

(*iv*) بۆت هەیە پەیوەندی بکەیت لەگەڵ ڕێکخراوی UNHCRدا. دەکرێ زانیاری پەیوەندی لە **پاشکۆ**دا سەیر بکەیت.

(*v*) بۆت هەیە بابەتەکان لەگەڵ داواکارییەکەتدا بنێریت بۆ وەزیر. بابەتێک کە دەینێریت دەبێ بە نووسراوە بێت.

(*vi*) ڕێکخراوەی وەرگیران و تێکەڵکردنی کۆمەڵگا (RIA) لەوانەیە لە کاتی جێبەجێ کردنی داواکاری پاراستنەکەتدا شوێنی نیشتەجێبوون بخاتە بەردەستت. قبووڵکردنی ئەم پێشنیارە بەو مەرجەیە کە یاسای نیشتەجێبوون کە لە www.ria.ie دا دەست دەکەوێت ڕەچاو بکەیت. دەکرێ زانیاری پەیوەست بە RIA لە **پاشکۆ**دا سەیر بکەیت

(*vii*) هەموو وردەکاری پێشکەشکراو لە پەیوەندی لەگەڵ داواکارییەکەتدا بە نهێنی دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە ئەم زانیاریانە بخرێتە بەردەستی دامەزراوە گشتییەکانی تر کە لەگەڵ تۆدا مامەڵە دەکەن وەک بەش و ڕێکخراوەکانی حکومەتی ئیرلاند لەوانە کاربەدەستانی فەرمانگەی کۆچ، پۆلیسی ئیرلاند و کاربەدەستانی ناوچەیی. بەم شێوەیە ئەم ڕێکخراوانە دەتوانن ئەرکی خۆیان لەوانە جێبەجێکردنی یاسای پەیوەست بە هاتن و ڕۆیشتنی هاوڵاتی بیانی لە وڵاتی (ئیرلاند) جێبەجێ بکەن. لەوانەیە هەندێک لە زانیارییەکان بخرێتە بەردەستی وڵاتانی تری جێبەجێکاری یاسای دبلنی یەکیەتی ئەورووپا.

(*viii*) هەرچەشنە دیدار، وتووێژ، بڕیار یان هەر چەشنە ڕاگەیاندنێکی تر سەبارەت بە داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی بە نامە لە لایەن IPO، IPAT یان وەزیرەوە دەنێردرێت بۆ ئەو ناونیشانییەی کە داوتە.

8.1.2 بەگشتی بڕوانامەی ئیقامەی تۆ پاش ئەوەی ئیتر داوای پاراستنی نێودەوڵەتی نەکەیت، دەوەستێندرێت، بۆ نموونە گەر وەزیر ڕێگە نەدات بە پێدانی ڕاگەیاندنی پەنابەریەتی یان پاراستنی دووەمی بە تۆ یان ئەگەر گونجاو لەگەڵ ڕێسای دبلنی یەکیەتی ئەورووپا لە وڵاتی (ئیرلاند) بگوازرێیەوە.

## 8.2 بەڵێنی من لە پرۆسەی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیدا چیە؟

8.2.1 بەڵێنییەکانت وەک داواکارێکی پاراستنی نێودەوڵەتی وەهایە:

(i) دەبێ یاسای وڵاتی (ئیرلاند) و هەر چەشنە پێداویستییەکی تر کە لەوانەیە بەسەرتدا سەپێندرابێت ڕەچاو بکەیت.

(ii) ئەوە ئەرکی خۆتە کە لە کاتی پشکنینی هەموو لایەنەکانی داواکارییەکەتدا و بڕیاردان لەسەر هەر چەشنە داواکاری پێداچوونەوەی خۆت، بەتەواوەتی هاریکاری بکەیت و ئەمە بە پێشکەشکردنی هەموو زانیارییەکان و ئەو بەڵگانەی لەبەردەستتە بۆ پشتڕاستکردنەوەی داواکارییەکەت جێبەجێ بکەیت.

(iii) گەر ناویشانەکەت گۆڕدرا، **دەبێ دەستبەجێ و بە نامە**، وردەکاری ناونیشانی نوێی خۆت بە **IPO** ڕابگەیێنیت. ئەمە گونجاوە تەنانەت ئەگەر لە لایەن ڕێکخراوەی وەرگیران و تێکەڵبوونی کۆمەڵگا(RIA)یەوە بگوازرێیەوە بۆ شوێنێکی نوێ. نەکردنی ئەمە **تاوانە**.

(iv) دەبێ لە هەموو نامەناردنەکاندا لەگەڵ IPO یان IPAT **بەئاشکرایی ناو، ناونیشان، هاووڵاتی و ژمارە پێناسەی** نووسراوی سەر بڕوانامەی تۆمارکردن بۆ ئیقامەی کاتی خۆت بنووسیت.

(v) کاتێک داواکارییەکەت لە بواری پشکنینی دایە، **نابێ وڵاتی (ئیرلاند) جێبهێڵیت یان لەمبارەوە هەوڵێک بدەیت،** مەگەر وەزیر ڕازی بێت. جێهێشتنی وڵاتی (ئیرلاند) بەبێ ڕەزامەندی **تاوانە**.

(vi) **بۆت نییە بەدوای ئیشدا بگەڕێیت یان سوودێک بەدەست بێنیت لە بیزنس، بازرگانی یان پیشە.** دامەزران یان بیزنسکردن **تاوانە**.

(vii) خۆت یان پارێزەرەکەت دەبێ **کۆپی پەیوەست بە هەموو بەڵگە** پێشکەشکراوەکان لە لایەن IPO و IPAT بپارێزیت.

(viii) **لەوانەیە پێویست بکات لە ناوچە یان شوێنێکی دیاریکراودا** لە وڵاتی (ئیرلاند) نیشتەجێ بیت یان بمێنییەوە. نەکردنی ئەمە **تاوانە**.

(ix) **لەوانەیە پێویست بکات لە ماوەدای زەمەنی دیاریکراودا** ڕاپۆرت بدەیت بە بەرپرسی کۆچ، یان بنکەیەکی پۆلیسGarda Síochána ی دیاریکراو لە ئیرلەندا. نەکردنی ئەمە **تاوانە**.

(x) بەردەوام دەبێ لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو زانیاریانەدا کە دەربارەی داواکارییەکەتدا دەیدەیت **ڕاستگۆ** بیت و نەکردنی ئەمە **تاوانە**.

(xi) دەبێ لە پرسنامەکەتدا، هەرچەشنە زانیارییەک کە ڕەنگە لەبەردەستت بێت و دەتوانێت پەیوەست بێت بە بڕیاری وەزیر بۆ پێدانی مۆڵەتی مانەوە پێشکەشی بکەیت. هەروەها دەکرێ هەرچەشنە زانیارییەک کە ڕەنگە پەیوەست بێت بە بڕیاری وەزیر سەبارەت بەم بابەتە کە ئاخۆ لە ماوەی کۆرسی نێوان پێشکەشکردنی داواکاری و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لە پەیوەندی لەگەڵ پشکنینی داواکاری پاراستنەکەتدا مۆڵەتی مانەوەت پێبدرێت یان نا بەڵگە بنێریت. هەروەها دەبێ هەرچەشنە گۆڕانکارییەک لە بارودۆخدا کە لەوانەیە پەیوەست بێت بە بڕیاری وەزیر بۆ مۆڵەتی مانەوە دەستبەجێ بە وەزیر ڕابگەیێنیت. دەکرێ زانیاری پەیوەست بە مانەوە لە **بەشی 13**دا سەیر بکەیت.

(xii) دەبێ هەموو ئەو زانیاریانەی هەتە بە زووترین کاتی گونجاو پێشکەشی IPO یان IPAT بکەیت.

**گرنگ**

8.2.2 دەبێ **زانیاری پارێزەرەکەت (ناو، ناونیشان، تەلەفۆن و هتد) و هەرچەشنە گۆڕانکارییەک لە پارێزەردا بە زووترین کات پێشکەشی IPO یان IPAT (هەرکام کە گونجاو بێت) بکەیت.** نەکردنی ئەمە لەوانەیە کاریگەری نێگەتیڤی هەبێت لەسەر توانایی تۆ بۆ وەرگرتنی ڕاوێژکاری و یارمەتی لە پارێزەرەکەت لە بواری بەدیهێنانی پەیوەندیدا و بڕیاری پەیوەست بە داواکارییەکەت بە مەبەستی پاراستنی نێودەوڵەتی.

## بەشی 9
## منداڵانی کەسیان لەگەڵدا نیە

**9.1 چی دەبێت گەر وەک منداڵێکی کەسی لەگەڵدا نەبێت داوای پاراستنی نێودەوڵەتی بکەم؟**

9.1.1 کاتێک بە منداڵێکی (خوار 18 ساڵ) دێیە ئەژمار و کەسێکی گەورە و بەرپرسی چاودێری و پاراستنت لەگەڵدا نەبێت، ڕەوانەی TUSLA – ڕێکخراوەی منداڵ و خێزان دەکرێیت.

9.1.2 لەوانەیە پێویست بکات بەشداری بکەیت لە وتووێژی هەڵسەنگاندنی تەمەن لە لایەن IPO وە. وتووێژی هەڵسەنگاندنی تەمەن بۆ ئەم مەبەستە داڕێژراوە کە ڕاستییە سەرەکییەکانی پەیوەست بە گەشتکردن، شوێنی باوان، و ئاستی خوێندن و باڵخ بوونت دەستنیشان بکرێت. پاشان بەرپرسی جێبەجێکردنی وتووێژ **بە یارمەتی TUSLA – ڕێکخراوەی منداڵ و خێزان (گەر پێویست بکات)** بڕیار دەدات ئاخۆ دەبێ وەک کەسێکی خوار تەمەنی 18 ساڵ بێیە ئەژمار یان نا.

9.1.3 گەر ڕەوانەی TUSLA - ڕێکخراوەی منداڵ و خێزان بکرێیت. ئەم ڕێکخراوەیە بەرپرسایەتی تۆ لە ئەستۆ دەگرێت و بڕیار دەدات کە ئاخۆ بۆ تۆ باشترە داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەش بکەیت یان لەوانەیە بژاردەی تر وەک یەکگرتنەوەی خێزان یان دۆزینەوەی خێزان لەبەرچاو بگیرێت.

**9.2 گەر TUSLA – ڕێکخراوەی خێزان و منداڵ داواکارییەک بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ من پێشکەش بکات چ شێوازێک جێبەجێ دەکرێت؟**

9.2.1 گەر TUSLA – ڕێکخراوەی منداڵ و خێزان، بەپێی ئەو زانیاریانەی هەیەتی لەوانە ڕاوێژکاری یاسایی، وای دابنێت کە بە قازانجی تۆیە داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیت بۆ پێشکەش بکرێت، وەها دەکات تاکو یەکێک لە فەرمانبەرانی TUSLA – ڕێکخراوەی منداڵ و خێزان، یان کەسێکی تر کە خۆی دەستنیشانی دەکات، داواکاری ئاماژەپێکراو پێشکەش بکات و لە پرۆسەی وتووێژدا نوێنەرایەتی و یارمەتیدانی تۆ لە ئەستۆ دەگرێت.

**9.3 شێوازی ڕەوانەکردنی تەمەن خوار 18 ساڵ بۆ دەستەی یارمەتی یاسایی چییە؟**

9.3.1 TUSLA - ڕێکخراوەی منداڵ و خێزان ناتوانێت پەیوەندی بکات بە دەستەی یارمەتی یاساییەوە بۆئەوەی پارێزەرێکت بۆ دیاری بکرێت. بۆ ئەوەی لە وتووێژەکەدا پارێزەرت لەگەڵدا بێت، لەگەڵ TUSLA - ڕێکخراوەی منداڵ و خێزاندا ئامادەکاری تایبەت جێبەجێ دەکرێت.

## بەشی 10
## یاسای  دبلنی یەکیەتی ئەرووپا

### 10.1 یاسای  دبلنی یەکیەتی ئەرووپا چییە؟

10.1.1 یاسای دبلنی یەکیەتی ئەورووپا بنەمای یاسایی و ڕێسای شێوازی ئامادە دەکات کە بۆ دیاریکردنی پێوەر و میکانیزمی  بڕیاردانی حکومەتی بەرپرسی پشکنین و بۆ داواکارییەکی پاراستنی نێودەوڵەتی بەکاردەهێندرێت. بە پێی ئەو بەرپرس دەبێ پشکنینی داواکاری پێشکەشکراو بکات لە یەکێک لە وڵاتانی بەشدار بوودا لە لایەن هاووڵاتی وڵاتی سێیەم یان کەسێکەوە کە بێوڵاتە.

10.1.2 کاتێک داواکارییەکی پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەشی IPO دەکەیت لەسەر پرۆسەی دبلن زانیاری زیاترت دەخرێتە بەردەست.

10.1.3 گەر مافی  دبلنی یەکیەتی ئەرووپات هەبێت، لەوانەیە بگوازرێیەوە بۆ وڵاتێکی تر بۆئەوەی لەوێدا پشکنینی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیت بۆ بکرێت.

## بەشی 11
## بژاردەکانی گەڕانەوەی خۆبەخشانە

### 11.1 ئایا بژاردەی گەڕانەوەی خۆبەخشانەم هەیە بۆ وڵاتی خۆم/ وڵاتی شوێنی ئیقامەی پێشووی خۆمم؟

11.1.1 بژاردەیەک کە بەردەوام لە ماوەی پشکنینی داواکارییەکەتدا بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی یان پاش ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەت هەیە بریتییە لە گەڕاندنەوەی خۆبەخشانەی تۆ بۆ وڵاتی خۆت/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی خۆت. گەر داواکارییەکەت وەربگیرێتەوە لە هەر قۆناغێکدا ئەم بژاردەیەت هەیە کە خۆبەخشانە بگەڕێیەوە بۆ وڵاتی خۆت/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی خۆت.

11.1.2 گەر وەزیر بریاری خۆی لەسەر ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی بە تۆ ڕابگەیێنێت بژاردەی گەڕانەوەی خۆبەخشانە بۆ وڵاتی خۆت/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووت پێڕادەگەیێندرێت. بۆ سوودوەرگرتن لەم بژاردەیە لەم قۆناغەدا، دەبێ لە ماوەی پێنج ڕۆژ لە ڕێکەوتی ڕاگەیاندنی وەزیر، بە نامە وەزیر ئاگادار بکەیەوە. لە نامەی بریارەکەتدا زانیاری پەیوەست بە کەسێک کە دەبێ لەگەڵ ئەوەدا پەیوەندی بکەیت بۆ ڕێکخستنی گەڕانەوەی خۆبەخشانەی خۆت بۆ وڵاتی خۆت/ شوێنی ئیقانەی هەمیشەیی پێشووی خۆت هاتووە.

11.1.3 گەر دەتەوێ خۆبەخشانە بگەڕێیەوە بۆ وڵاتی خۆت/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی خۆت، دەتوانیت لەڕێگای ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ڕاوێژ و یارمەتی وەربگریت. تکایە بۆ بینینی زانیارییەکانی پەیوەندی سەردانی **پاشکۆ** بکە.

11.1.4 ڕێکخراوی IOM دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ ئامادەکردنی بەڵگەی پێویستی گەشتکردن و هەروەها پێدانی تێچوونی دارایی گەشت لە ئێرلەنداوە بۆ وڵاتی خۆت. جگەلەوەش، یارمەتییەکی دارایی کەمی تێکەڵبوونی کۆمەڵگا دەخرێتە بەردەستی هەموو ئەوانەی دەگەڕێنەوە بۆئەوەی یارمەتی تێچوونی چالاکی داهات هێنەر، وەک خوێندن، ڕاهێنانی پڕۆفیشیناڵ و/ یان دامەزراندنی بیزنس بدات.

11.1.5 گەر بەپێی هەڵبژرادنی خۆت، بژاردەی گەڕانەوەی خۆبەخشانە بۆ وڵاتی خۆت/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی خۆت بەکارنەهێنیت، وەزیر هەڵدەستێت بە دەرکردنی بریاری وەدەرنانی تۆ و وەها دەکات کە لە وڵاتی ( ئێرلەندا) بڕۆیتە دەرەوە. ئەگەر پەیڕەوی نەکەیت لە بریاری چوونەدەرەوە، هیچ بنەمایەکی یاسایی نابێت بۆ مانەوە لە وڵاتی (ئێرلاند)دا.

11.1.6 وەزارەتی داد و یەکسانیش ڕاستەوخۆ یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە دەیانەوێ خۆبەخشانە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان/ شوێنی ئیقامەی هەیشەیی پێشووی خۆیان، بە پێدانی پشتگری ئیداری و پشتگری تر بۆ کەسانێک کە داوای یارمەتیان کردوووە.

11.1.7 قازانجی سوودوەرگرتن لە بژاردەی گەڕانەوەی خۆبەخشانە بۆ وڵاتی خۆت/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی خۆت وەها دەکات کە ئەگەر لە داهاتوودا بنەمای یاسایی هەبێت

بگەڕێیەوە بۆ وڵاتی (ئیرلاند). لە لایەکی ترەوە، کەسێک کە بڕیاری چوونەدەرەوەی پێدەدرێت لە ڕووی یاساییەوە ناچارە بە ڕۆیشتن لە وڵاتی (ئیرلاند) و دەبێ لە دەرەوەی وڵاتی (ئیرلاند) بمێنێتەوە (مەگەر دواتر چوونەدەرەوە هەڵبوەشێندرێتەوە).

## بەشی 12
## زانیاری تر

### 12.1. شێوازی ئەولەوییەت پێدانی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی چییە؟

12.1.1 لەوانەیە وەزیر ئەولەوییەت بدات بەو دەستە لە داواکارییەکانی پاراستنی نێودەوڵەتی کە بە بۆچوونی ئەو پێویستە، بەو مەرجەی دادپەروەی و لێهاتوویی لە پشکنینی وەها داواکارییەک بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی لەبەرچاو بگیرێت.

12.1.2 لەوانەیە لە کاتی دیاریکردنی ئەولەوییەتدا وەزیر ئەمانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرێت:

(*i*) ئاخۆ داواکار بەڵگەی کەسایەتی هەیە یان نا، ئەگەر نا، ئاخۆ ڕوونکردنەوەی لۆجیکی هەیە بۆ نەبوونی ئەو بەڵگانە.

(*ii*) ئاخۆ داواکار ڕوونکردنەوەی ماقووڵانەی پێشکەش کردووە بۆ سەلماندنی وتەی خۆی بەو پێیە کە وڵاتی (ئیرلاند) یەکەمین وڵاتی ئاسوودەیە کە ئەو پاش هاتنەدەر لە وڵاتی خۆی/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی خۆی هاتووەتە ناوی؛

(*iii*) ئاخۆ داواکار ڕوونکردنەوەی تەواو و ڕاستەقینەی لەسەر ئەم بابەتە پێشکەش کردووە کە چۆن گەشتی کردووە و هاتووەتە وڵاتی (ئیرلاند).

(*iv*) لەو بابەتانەدا کە جگە لە سنووری وڵاتی (ئیرلاند) داواکاری داوە، ئاخۆ داواکار ڕوونکردنەوەی ماقووڵانەی پێشکەش کردووە کە دەریبخات بۆچی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی یان بەپێی بابەت، بە پێی بەشی 8ی یاسای پەنابەریەتی 1996 دەستبەجێ و پاش هاتنە ناو سنووری وڵاتی (ئیرلاند) داواکاری پێشکەش نەکردووە، مەگەر ئەوەی کە داواکارییەکەی بەپێی ئەو ڕاستیانە بێت کە پاش هاتنی ئەو بۆ وڵاتی (ئیرلاند) ڕووی دابێت.

(*v*) ئاخۆ داواکار هەستاوە بە ساختەکاری، لەناوبردن یان فڕێدانی هەرچەشنە ناسنامەیەك یان بەڵگەی تری پەیوەست بە داواکارییەکەی خۆی و ئاخۆ لەسەر ئەمە ڕوونکردنەوەی ماقووڵانەی هەیە.

(*vi*) ئاخۆ داواکار بەئاشکرایی لە پشتڕاستکردنەوەی داواکارییەکەیدا بەڵگەی هەڵەی پێشکەش کردووە، یان بە شێوەیەکی تر وتەی زارەکی یان نووسراوی درۆی هەبووە.

(*vii*) ئاخۆ داواکار بەبێ هۆی پاساوهەڵگر و قایلکەر، پاش ئاگاداربوون لە پێشنیاری چوونەدەرەوە لە وڵاتی (ئیرلاند) داواکاری خۆی پێشکەش کردووە.

(*viii*) ئاخۆ داواکار ئەرکی خۆی بۆ هاریکاری لەگەڵ پرۆسەی پاراستندا بەجێ هێناوە.

(*ix*) ئاخۆ داواکار کەسێکە کە TUSLA - ڕێکخراوەی منداڵ و خێزان بەرپرسی چاودێریکردن و پاراستنی ئەوە.

(*x*) ئاخۆ داواکار بەبێ هۆی قایلکەر، ڕەچاوکردنی هەندێک پێداویستییە تایبەتەکانی پەیوەست بە مۆڵەتی هاتنەژوورەوە و مانەوە لە وڵاتی (ئیرلاند)ی پێشێل کردووە.

## 12.2 ئەو زانیاریانەی دەیاندەم بە فەرمانگەی پاراستنی نێودەوڵەتی چیان بەسەر دێت؟

12.2.1 کاتیک زانیاری تاکەکەسی خۆت دەدەیت بە IPO ئەم فەرمانگەیە پابەند دەبێت ئەم زانیاریانە بە نهێنی بپارێزێت.

12.2.2 بەپێی مافەکانت و بەپێی یاسای پاراستنی داتای 1988 و 2003 بۆت هەیە زانیاری کەسیت لەبەردەست بێت، هەڵەکان ڕاست بکەیەوە و زانیاری کەسیت بسڕییەوە.

12.2.3 پێشینە (تۆمار)ی پەیوەست بە زانیاری تاکەکەسی پارێزراوە لە لایەن خزمەتگوزاری وڵاتنامە و کۆچبەری ئیرلاندەوە لە چوارچێوەی یاسای سەربەستی زانیاری 2014دا، کەوتووەتە بەر لێخۆشبوونی تایبەت.

12.2.4 یاسای سەربەستی زانیاری 2014 مافێکی یاسایی بۆ هەر کەس دیاری دەکات بۆ:

(i) لەبەردەستبوونی ئەو زانیاریانە کە لەلایەن دامەزراوە حکومییەکان پارێزراون .

(ii) ئایا ڕاستکردنەوە زانیاری فەرمی پەیوەست بەخۆ کراوە ئەگەر زانیارییەکان ناتەواو، هەڵە یان هەڵخەڵەتێنەر بن.

(iii) بەدەستهێنانی ڕوونکردنەوە لەسەر هۆکاری پەیوەست بەو بڕیارانە کە کاریگەری لەسەر ئەوان دەبێت.

12.2.5 یاسای 2014 سوورە لەسەر مافی خەڵك بۆ لەبەردەستبوونی زانیاری فەرمی ئەوەندەی بکرێت، گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی و مافی تاکەکەسی تاکەکان.

12.2.6 بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر لەسەر پاراستنی داتاکان تکایە سەردانی ماڵپەڕی IPO بکە بە ناونیشانی www.ipo.gov.ie.

## بەشی 13
## مۆڵەتی مانەوە

### 13.1 بۆ مۆڵەتی مانەوە چۆن دەبێ داواکاری پێشکەش بکەم؟

13.1.1 کاتێک بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی داواکاری پێشکەش دەکەیت هاوکات دەبێ هەرچەشنە زانیارییەک پێشکەش بکەیت کە هەتە و لەوانەیە پەیوەست بێت بە بڕیاری وەزیر لە کاتی ڕەتکردنەوەی بارودۆخی پەنابەری یان پاراستنی دووەمیدا بۆ پێدانی مۆڵەتی مانەوە. گەر بابەتێک هەیە کە دەتەوێ وەزیر لەبەرچاوی بگرێت، دەبێ دەستبەجێ بابەتەکە بە IPO ڕابگەیێنیت.

13.1.2 دەبێ ئەم زانیاریانە لە بەشی گونجاوی پرسنامەی پاراستنی نێودەوڵەتی خۆتدا بنووسیت. دەبێ هەرچەشنە بەڵگەیەکی پاڵپشت کە پێت وایە پەیوەندیدارە (وەک بڕوانامەی لەدایکبوون، یان زەواج، نامەی ناساندن، بڕوانامە یان بەڵگەی خوێندن و هتد) پێشکەش بکەیت. گەر ئەم بەڵگانەت بەدەستەوە نییە، دەکرێ دواتر ئەوان تاکوو کاتێک کە IPO ڕاپۆرتێک بۆ وەزیر ئامادە دەکات لەسەر داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی تۆ، پێشکەش بکەیت.

13.1.3 لەگەڵ ئەوەشدا، گەر هەرچەشنە گۆڕانکارییەکی لە بارودۆختدا ڕوو بدات کە دەتوانێت پەیوەست بێت بە بڕیاری وەزیر لەسەر مۆڵەتی مانەوە، دەبێ ئەو زانیارییە نوێیانە پێشکەشی IPO بکەیت.

13.1.4 تکایە سەرنج بدە وتووێژێک کە لە لایەن IPO جێبەجێ دەکرێت بۆ پشکنینی داواکاری تۆیە بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی نەک مۆڵەتی مانەوە. بەرپرسی وتووێژکار هەندێک پرسیارت لێدەپرسێت پەیوەست بە ئەم بابەتە و بەتایبەتی لەسەر بابەتی تر پرسیارت لێناکات، بابەتی تر هەرچەندە لەوانەیە پەیوەست نەبێت بە داواکاری پاراستنی تۆوە بەڵام لەوانەیە پەیوەست بێت بە بڕیاری وەزیر بۆ پێدان یان پێنەدانی مۆڵەتی مانەوە لە وڵاتی (ئیرلاند). لەگەڵ ئەوەشدا، گەر لە وتووێژەکەدا بابەتێکی وەها باس بکرێت، لە لایەن وتووێژکارەوە تۆمار دەکرێت و لە کاتی بڕیاردان لە کاتی ڕەتکردنەوەی داواکاری بارودۆخی پەنابەری یان پاراستنی ناسەرەکیتدا و بە مەبەستی پێدانی مۆڵەتی مانەوە دەکەوێتە بەردەستی وەزیر.

### 13.2 زانیاری پەیوەست بە وەزیر بۆ پێدان یان پێنەدانی مۆڵەتی مانەوە لە وڵاتی (ئیرلاند) چییە؟

13.2.1 وەزیر هەرچەشنە زانیاری پەیوەست کە لە لایەن تۆوە پێشکەش کراوە، لەوانە زانیاری پەیوەندیدار بە داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی و هەرچەشنە وتە و لێدوانێک کە لە وتووێژی سەرەتاییدا و وتووێژی تاکەکەسی پاراستنی نێودەوڵەتی خۆتدا باس کردووە، لەبەرچاو دەگرێت و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکات.

13.2.2 وەزیر دەبێ بارودۆخی پەنابەریەتی خێزانی و کەسیت و مافت لەبەرچاو بگرێت بۆ ڕێزدانان بە ژیانی تایبەتی و هەروەها کەیسەکانی خوارەوە:

(i) سروشتی پەیوەندیت لەگەڵ وڵاتی (ئیرلاند)،

(ii) ڕەچاوکردنی مرۆیی ،

(iii) کەسایەتی و ئاکارت لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتی (ئیرلاند) (لەوانە تاوانبار بوون بە تاوان)،

(iv) تێبینی ئاسایشی نەتەوەیی و ڕێکوپێکی گشتی و

(v) هەر چەشنە تێبینییەکی تری پەیوەست بە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا.

13.2.3 وەزیر هەروەها هەر چەشنە بابەتێکی باسکراو لە لایەن تۆ لەسەر قەدەغەکردنی گەڕاندنەوەی زۆرەملێ لەبەرچاو دەگرێت (سەردانی **برگەی2.7.1** بکە).

### 13.3 چی دەبێت گەر مۆڵەتی مانەوەم ڕەت بکرێتەوە؟

13.3.1 گەر بڕیار بدەیت لەسەر پێشنیاری داواکاری پارستنی خۆت داوای پێداچوونەوە پێشکەشی IPAT نەکەیت و وەزیر ڕێگە نەدات بە مۆڵەتی مانەوەی تۆ، ئیتر بۆت نییە لە وڵاتی (ئیرلاند)دا بمێنییەوە. TRCی تۆ دەوەستێندرێت و دەبێ دەستبەجێ ئەم بڕوانامەیە بدەیەوە بە IPO.

13.3.2 بژاردەیەکت دەبێت بۆ گەڕانەوەی خۆبەخشانە بۆ وڵاتی خۆت/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی خۆت و گەر بڕیارت دا خۆبەخشانە وڵاتی (ئیرلاند) جێبهێڵیت دەبێ IPO و INIS ئاگادار کەیەوە.

13.3.3 گەر بڕیار بدەیت خۆبەخشانە نەگەڕییەوە بۆ وڵاتی خۆت/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی خۆت، وەزیر هەڵدەستێت بە دەرکردنی بڕیاری ناردنەوەت و داوات لێدەکات لە کاتێکی دیارینەکراودا وڵاتی (ئیرلاند) جێبهێڵیت و لە دەرەوەی وڵاتی (ئیرلاند) بمێنییەوە.

### 13.4 چی دەبێت ئەگەر مۆڵەتی مانەوەم پێ بدرێت ؟

13.4.1 ئەگەر مۆڵەتی مانەوەت پێ بدرێت، نامەیەک دەگاتە دەستت کە لەودا زانیاری ورد نووسراوە لەسەر هەوڵێک کە دەبێ جێبەجێی بکەیت و هەروەها ئاماژە بە ماف و ئەرکەکانت کراوە.

### 13.5 "پشکنینی" ڕەتکردنەوەی مۆڵەتی مانەوە چۆن جیبەجێ دەکرێت؟

13.5.1 بۆت نییە لەسەر بڕیاری ڕەتکردنەوەی مۆڵەتی مانەوە داواکاری پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت.

13.5.2 گەر پێشنیاری IPO بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی تۆ ڕەتکرایەوە، زانیاری پەیوەست بە پرۆسەی داواکاری پێداچوونەوەی IPAT دەگاتە دەستت. گەر داواکاری پێداچوونەوە پێشکەشی IPAT بکەیت بەڵام پێشنیاری نێگەتیڤی IPO دوبارە پشتراست بکرێتەوە، *فۆرمێکی مۆڵەتی مانەوەت دەگاتە دەست کە دەبێ پڕی بکەیەوە*. کاتی پڕکردنەوە و گەڕاندنەوەی ئەم فۆرمەت پێڕادەگەیێندرێت.

13.5.3 گەر لە ماوەی نێوان بڕیاری سەرەتایی مۆڵەتی مانەوەی وەزیر و بڕیاری IPAT دا بۆ پێداچوونەوە لەسەر پاراستنی نێودەوڵەتی بارودۆخەکەت گۆڕدا، بە هەر شێوەیەک کە

پەیوەست بێت بە بڕیاری وەزیر، دەبێ هەرکە ئاگاداری بابەتەکە بوویەوە، بە وەزیری ڕابگەیێنیت.

13.5.4 گەر هەرچەشنە زانیاری پەیوەندیدار بە بڕیاری سەرەتاییت بۆ مانەوە پێشکەش کردبێت کە دەریدەخات گۆڕانکاری لە بارودۆخەکاندا بەدیهاتووە، وەزیر پشکنینی بڕیاری پێشووی خۆی دەکات بۆ پێنەدانی مۆڵەتی مانەوەی دوبارە. وەزیر دوبارە بابەتە نووسراوەکانی **برگەکانی 13.2.2**ی سەرەوە و هەرچەشنە بابەتێک کە لە لایەن تۆوە باس کراوە لەسەر قەدەغەکردنی گەڕاندنەوە لەبەرچاو دەگرێت.

13.5.5 وەزیر پاش پشکنینی بڕیاری مۆڵەتی مانەوە، دەتوانێت بۆ مانەوەی ماوەیەکی تایبەت مۆڵەتی کاتیت پێ بدات یان ڕێگات پێ نەدات. بە نامە بڕیاری وەزیر لەگەڵ هۆکارەکانی ئەم بڕیارەت پێ ڕادەگەیێندرێت.

## 13.6 چی دەبێت **گەر مۆڵەتی مانەوەم پێبدرێت، بەڵام بڕیار بدەم لەسەر پێشنیاری پاراستن لەلایەن IPO بۆ IPAT داوای پێداچوونەوە بکەم؟**

13.6.1 ئێستاش هەردەتوانیت لە فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆچبەری ناوچەییدا ناوت تۆمار بکریت بۆئەوەی مۆڵەتی مانەوەت لە وڵاتی (ئیرلاند)دا هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا گەر لەسەر بڕیاری پاراستن داواکاری پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت، هەر داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیت و تاکوو ئەو کاتە کە ئاکامی پێداچوونەوەی IPAT دەزانرێت، ناتوانیت بگەڕێیت بەدوای ئیش یان خەریکی بیزنس، بازرگانی یان پیشەیەک بیت.

## 13.7 چی دەبێت **گەر پاش پرۆسەی پشکنین مۆلەتی مانەوەم ڕەت بکرێتەوە؟**

13.7.1 گەر مۆڵەتی مانەوەت ڕەت کرابێتەوە، ئیتر ناتوانیت لە وڵاتی (ئیرلاند) بمێنییەوە. TRCییەکەت ئیتر بڕواپێکراو نابێت و دەبێ دەستبەجێ ئەم بەڵگەیە بنێرییەوە بۆ IPO.

13.7.2 تۆ بژاردەیەکت هەیە بۆ گەڕانەوەی خۆبەخشانە بۆ وڵاتی خۆت/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووت و گەر بڕیارت دا بۆ بە جێهێشتنی خۆبەخشانەی وڵاتی (ئیرلاند) دەبێ بە IPO و INIS ڕابگەیێنیت.

13.7.3 گەر بڕیار بدەیت خۆبەخشانە نەگەڕێیەوە بۆ وڵاتی خۆت/ شوێنی ئیقامەی هەمیشەیی پێشووی خۆت، وەزیر هەڵدەستێت بە دەرکردنی فەرمانی ناردنەوە و داوات لێدەکات لە کاتێکی دیارینەکراودا وڵاتی (ئیرلاند) جێبهێڵیت و لە دەرەوەی وڵاتی (ئیرلاند) بمێنییەوە.

## بەشی 14
## یەکگرتنەوەی خێزان

### 14.1 یەکگرتنەوەی خێزان چی‌یە؟

14.1.1 گەر وەزیر ڕاگەیاندنی پەنابەریەتی یان ڕاگەیاندنی پاراستنی دووەمیت پێبدات، دەتوانیت لە ماوەی 12 مانگ لە ڕێکەوتی ڕاگەیاندنەکەوە، لە وەزیر داوای مۆڵەت بکەیت بۆ ئەندامانی **تایبەتی** خێزانەکەت بۆئەوەی

- ئەگەر لە ڕێکەوتی داواکاریدا لە دەرەوەی وڵات بن بێنە ناو وڵاتی (ئیرلاند) و لەوێدا نیشتەجێ بن؛ یان
- گەر لە ڕێکەوتی داواکاریدا لەناو وڵاتی (ئیرلاند)ن، لە وڵاتی (ئیرلاند) بمێننەوە و لەوێدا نیشتەجێ بن.

### 14.2 ئایا ئاستەنگی کات هەیە؟

14.2.1 داواکاری پەیوەست بە ئەندامانی خێزان بۆ یەکگرتنەوە دەبێ لە ماوەی **12 مانگ** لە ڕێکەوتی پێدانی پەنابەریەتی یان ڕاگەیاندنی پاراستنی دووەمیدا پێشکەش بکەیت.

### 14.3 ئەندامێکی خێزان کێیە؟

14.3.1 **ئەندامی خێزان** بەئاشکرایی پێناسە کراوە. بەم واتایە کە:

(i) هاوسەری کەسەکە، بە مەرجێک زەواج لە ڕێکەوتی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیدا لە وڵاتی (ئیرلاند) جێبەجێ کرا بێت،

(ii) هاوبەشی مەدەنی کەسەکە، بە مەرجێک کە هاوبەشی مەدەنی لە ڕێکەوتی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیدا لە وڵاتی (ئیرلاند) بڕواپێکراو بێت،

(iii) گەر کەسێکی خوار 18 ساڵ بێت و سەڵت بێت، باوک و دایکی ئەو و منداڵەکانیان کە تەمەنیان خوار 18 ساڵ بێت و سەڵت بن، یان

(iv) منداڵی کەسێک کە لە ڕێکەوتی داواکاری یەکگرتنەوەی خێزاندا، تەمەنی خوار 18 ساڵان بێت و سەڵت بێت.

### 14.4 لە فۆرم و پرسنامەی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی دەبێ چ زانیارییەک بنووسم؟

14.4.1 کاتێک داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەش دەکەیت، ناچاریت بە پێشکەشکردنی زانیاری پەیوەست بەو دەستەیە لە ئەندامانی خێزان کە ئەگەر پاراستنی نێودەوڵەتیت پێبدرێت، مافی یەکگرتنەوەی خێزانیان دەبێت (سەردانی **بڕگەی 14.3** بکە).

14.4.2 دەبێ زانیاری پەیوەست بە ئەندامانی خێزانەکەت لە پرسنامەی پاراستنی نێودەوڵەتیدا بنووسیت.

14.4.3 زۆر گرنگە هەموو زانیارییەکانی ئەندامانی خێزانەکەت لە کاتی پرکردنەوەی داواکاری و پرسنامەدا بنووسیت و بەڵگەی پەیوەست لەوانە بەڵگەی زەواج، بڕوانامەی لەدایکبوون و هتد پێشکەش بکەیت.

## 14.5 چۆن دەتوانم داواکاری یەکگرتنەوەی خێزان پێشکەش بکەم؟

14.5.1 گەر بارودۆخی پەنابەریەتی یان پاراستنی دووەمیت پێدراوە و دەتەوێ بۆ یەکێک لە ئەندامانی ئاماژەپێکراو لە **برگەی 14.3** دا داواکاری یەکگرتنەوەی خێزان پێشکەش بکەیت، دەبێ بە نووسراوە داواکاری پێشکەشی یەکەی یەکگرتنەوەی خێزان (INIS) بکەیت لە ناونیشانی خوارەوەدا:

**Family Reunification Unit**
**Irish Naturalisation and Immigration Service**
**13/14 Burgh Quay**
**Dublin 2**
**D02 XK70**

14.5.2 لە www.inis.gov.ie دا زانیاری زیاتر لەبەردەستە.

**لەبیرت بێت داواکاری یەکگرتنەوەی خێزان دەبێ لە ماوەی 12 مانگ لە ڕێکەوتی پێدانی پەنابەری یان پاراستنی ناسەرەکیدا پێشکەش بکرێت.**

# بەشی 15
# نیشتەجێکردنی تۆ

## 15.1 زانیاری وەرگیران/ نیشتەجێبوون

15.1.1 ueگەرلە لایIPO داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەش بکەیت، زانیارییە سەرەتاییەکانت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و پاشان دەنێردرێن بۆ ڕێکخراوەی وەرگیران و تێکەڵبوون (RIA) کە بەرپرسایەتی هەموو کاروباری پەیوەست بە شوێنی نیشتەجێبوونی پێشکەشکراو لە لایەن حکومەت و پشتگیری تەواوی لە ئەستۆیە بۆ کەسانێک کە لە پرۆسەی پاراستنی نێودەوڵەتیدان.

15.1.2 ئەگەر شوێنی نیشتەجێبوونت پێویستە زانیاری و تایبەتمەندییەکانت دەنووسرێت و لەوانەیە بۆ نیشتەجێبوون شوێنێکت بۆ پێشنیار بکرێت. گەر ئەم پێشنیارە قبووڵ بکەیت دەگوازرێیەوە بۆ بنکەیەکی وەرگیران و لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کورت- بەگشتی کەمتر لە سێ هەفتە- لەوێ بمێنیتەوە.

15.1.3 پاش ماوەیەکی کەم مانەوە لە بنکە، لەوانەیە بگوازرێیتەوە بۆ بنکەیەکی نیشتەجێبوونی تر. لەسەر ئەو شوێنە کە دەگوازرێیتەوە بۆ ئەوێ مافی هەڵبژاردنت نابێت.

15.1.5 دەکرێ لە بنکەی نیشتەجێبووندا کە گواستراویتەوە لەوێ بمێنییەوە تاکوو ئەوکاتە کە داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی تۆ بەتەواوەتی پشکنینی بۆ دەکرێت (لەوانە، گەر هەبێت، هەر چەشنە داواکارییەکی پێداچوونەوە) یان دەتوانیت بڕیار بدەیت بە تێچوونی خۆت لە شوێنێکی نیشتەجێبوونی تایبەتیدا بژیت.

15.1.6 تکایە سەرنج بدە گەر خۆت شوێنی نیشتەجێبوون ڕێک بخەیت، پێویستە لەسەرت IPO ئاگادار بکەیتەوە لەکوێیت.

15.1.7 پێشنیاری نیشتەجێبوون لە بنکەی وەرگیران یان بنکەیەکی نیشتەجێ کردن بۆ تۆ بەو مەرجەیە کە هەمووکات یاسای نیشتەجێبوون ڕەچاو بکەیت کە لەو بنکەیەدا جێبەجێ دەکرێت.

15.1.8 لەوانەیە بتوانیت داوای گواستنەوە بکەیت لە شوێنی نیشتەجێبوونی فەرمی پێدراو لە لایەن RIA ، تەنیا بە مەرجێک کە ئەم ڕێکخراوەیە بارودۆخێکی وەهای هەبێت کە بۆی بکرێت شوێنی نیشتەجێبوونی جێگرەوەت پێبدات.

15.1.9 دەکرێ زانیاری زیاتری ڕێکخراوەی وەرگیران و تێکەڵبوون لە ناونیشانی www.ria.gov.ieدا بەدەست بێنیت.

## پاشکۆ

## زانیاری پەیوەندی

**ڕێکخراوە حکومی و ڕێکخراوەکانی تر کە لەوانەیە سەبارەت بە داواکارییەکەت بۆ پاراستن لەگەڵیاندا لە پەیوەندیدا بیت:**

| ڕێکخراوە | کردار |
|---|---|
| Irish Naturalisation and Immigration Service,<br>Department of Justice and Equality<br>13 – 14 Burgh Quay,<br>Dublin 2.<br>D02 XK70<br><br>تەلەفۆن: 7700 616 1 353+<br>پەیوەندی ناوچەیی: 500 551 1890<br>ماڵپەڕ: www.inis.gov.ie | خزمەتگوزاری ولاتنامە و کۆچبەری ئیرلاند(INIS) بەرپرسی بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی وەزیری داد و یەکسانییە سەبارەت بە پرسی پەنابەریەتی، کۆچبەری(لەوانە ڤیزە) و ولاتنامە. INIS هەروەها ڕێبازی یەکپارچەی حکومی ئاسان دەکاتەوە و بابەتی کۆچکردن و پەنابەریەتی و توانایی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری باشتر لەم بوارانەدا دەڕەخسێنێت. |
| International Protection Office,<br>Irish Naturalisation and Immigration Service<br>79-83 Lower Mount Street,<br>Dublin 2.<br>D02 ND99<br><br>تەلەفۆن: 8000 602 1 353+<br>فاکس: 8122 602 1 353+<br>ئیمەیڵ: info@ipo.gov.ie<br>ماڵپەڕ: www.ipo.gov.ie | کرداری سەرەکی فەرمانگەی پاراستنی نێودەوڵەتی (IPO)، بۆ نموونە ئەمەیە کە بەپێی ناوەڕۆکی یاسای پاراستنی نێودەوڵەتی 2015 پێشنیارێک پێشکەش بکات لەسەر ئەو بنەمایە کە ئاخۆ کەسەکە مافی پاراستنی نێودەوڵەتی هەیە لە وڵاتی (ئیرلاند) یان نا. گەر داواکار ئەم مافەی نەبێت، IPO ئەمەش لەبەرچاو دەگرێت ئاخۆ دەبێ ڕێگای پێ درابێت بە هۆی تر و هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی گەڕاندنەوەی زۆرەملێ و هتد لە وڵاتی (ئیرلاند) بمێنێتەوە یان نا. |
| International Protection Appeals Tribunal<br>6/7 Hanover Street ,<br>Dublin 2.<br>D02 W320<br><br>تەلەفۆن: 8400 474 1 353+<br>پەیوەندی ناوچەیی: 458 210 1890<br>فاکس: 8410 474 1 353+<br>ئیمەیڵ: info@protectionappeals.ie<br>ماڵپەڕ: www.protectionappeals.ie | کرداری سەرەکی دادگای پێداچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی(IPAT) بڕیاردانە لەسەر پێداچوونەوە دژ بە ڕاسپاردەی نێگەتیڤی IPO. داواکاری پێداچوونەوە لە لایەن ئەندامێکی IPATەوە لێپرسینەوەی بۆ دەکرێت. |

| ڕێکخراوە | کردار |
|---|---|
| Reception and Integration Agency<br>P.O. Box 11487<br>Dublin 2.<br><br>تەلەفۆن: 3200 418 1 353+<br>فاکس: 4183271 1 353+<br>ئیمەیڵ: RIA_Inbox@justice.ie<br>ماڵپەڕ: www.ria.gov.ie | ڕێکخراوەی وەرگیران و تێکەڵبوون (RIA) بەرپرسی هەماهەنگی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزاری پەیوەستی پێشکەشکراوە بە داواکارانی پاراستن. ئەم خزمەتگوزاریانە بریتین لە پێدانی شوێنی نیشتەجێبوون، چاودێری تەندروستی، ڕاهێنان و ئاسایش بۆ داواکارانی پاراستن. |
| United Nations High Commissioner for Refugees<br>102 Pembroke Road,<br>Ballsbridge,<br>Dublin 4.<br>D04 E7N6<br><br>تەلەفۆن: 4510 631 01<br>ماڵپەڕ: www.unhcr.org | کۆمسیاری باڵای ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR) ساڵی 1951 بۆ پاراستنی بەرژەوەندی پەنابەران دامەزرا. ئیشی کۆمسیاری باڵای پەنابەران بەپێی پێناسە مرۆیی، کۆمەڵایەتی و ناڕامیارییە. کرداری سەرەکی ئەو بریتییە لە پێشکەشکردنی پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ پەنابەران، گەڕان بۆ ڕێگەچارەی جێگیر بۆ کێشەی ئەوان و پێدانی یارمەتی ماڵی بە ئەوان. پاراستن بریتییە لە بەرگری لە گەڕاندنەوەی ئەوان واتا گەڕاندنەوەی ناچاری پەنابەر بۆ وڵاتێک کە لەوانەیە لەوێدا هۆیەک هەبێت بۆ ترسان لە چەوسانەوە. هەندێک شێواز هەیە بۆ ئاگادارکردنەوەی UNHCR لەسەر وەرگیرانی داواکارییەکان لە قۆناغی یەکەمدا و پێداچوونەوە. کۆمسیاری باڵای پەنابەران دەتوانێت بەشداری بکات لە هەر کۆبوونەوەیەکی وتووێژ یان داواکاری پێداچوونەوەدا یان بابەتی نووسراو لە پەیوەندی لەگەڵ هەر داواکارییەک پێشکەش بکات |
| International Organisation for Migration 116.Lower Baggot Street,<br>Dublin 2 .<br>D02 R252<br>تەلەفۆنی بێبەرامبەر: 406 406 1800<br>تەلەفۆن: 0655 676 1 353+<br>ئیمەیڵ: iomdublin@iom.int<br>ماڵپەڕ: www.ireland.iom.int/ | ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی کۆچبەری(IOM) یارمەتی نهێنی پێشکەشی ئەو پەنابەر و کۆچبەرە ڕیزپەڕانە دەدات لە ناوچەی ئابووری نائەوروپی (EEA)دا کە دەیانەوێت خۆبەخشانە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان و ئامراز و/ یان بەڵگەی گەشتیان نییە بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە. |

| کردار | ڕێکخراوە |
| --- | --- |
| داواکارانی پاراستنی نێودەوڵەتی لە ئیرلاند دەتوانن بۆ یارمەتی و ڕاوێژکاری یاسایی لەسەر داواکاری پاراستنی خۆیان گەر پێویست بکات بۆ هەر چەشنە پێشکەشکردنێکی داواکاری پێداچوونەوە داواکاری پێداچوونەوە بدەن بە دادگای پێداچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی. | .(Legal Aid Board (Smithfield<br>,North Brunswick Street 49/48<br>,Georges Lane<br>.Dublin 7<br>D07 PE0C<br>تەلەفۆن: 9600 646 (01)<br>فاکس: 0200 671 (01)<br>ئیمەیڵ:<br>lawcentresmithfield@legalaidboard.ie<br><br>Legal Aid Board (Cork)<br>Popes Quay Law Centre,<br>North Quay House ,<br>Popes Quay ,<br>Cork<br>T23 TV0C<br>تەلەفۆن: 86 16 455 21 353+<br>فاکس: 1690 455 21 353+<br>ئیمەیڵ:<br>lawcentrecorknorth@legalaidboard.ie<br><br>Galway Law Centre (Seville House)<br>Seville House<br>New Dock Road<br>Galway<br>H91 CKVO<br>تەلەفۆن: 480 562 91 353+<br>فاکس: 599 562 91 353+<br>ئیمەیڵ:<br>lawcentresevillehouse@legalaidboard.ie |
| TUSLA - ڕێکخراوەی منداڵ و خێزان بەرپرسی وەدیهێنانی خێرا و بەردەوامە لە بواری نیشتەجێبوون، پێداویستی پزیشکی و کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی جیابوەوە کە داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەن. | Team for Separated Children Seeking Asylum,<br>TUSLA- Child and Family Agency<br>Sir Patrick Dun's Hospital ,<br>Lower Grand Canal Street ,<br>Dublin 2.<br>D02 P667<br>تەلەفۆن: 7000 647 1 353+<br>فاکس: 7008 647 1 353+<br>ماڵپەر: www.tusla.ie |

| ڕێکخراوه | کردار |
| --- | --- |
| The Irish Red Cross Society.<br>16Merrion Square North,<br>Dublin 2 .<br>D02 XF85<br>تەلەفۆن: 4600 642 1 353+<br>فاکس: 4461 661 1 53+<br>ئیمەیڵ: info@redcross.ie<br><br>http://www.redcross.ie | خاچی سووری ئیرلاند پابەندە بە پێشکەشکردنی یارمەتی پێویست و مرۆڤ دۆستانە لە ڕێگەی تۆڕی خۆبەخشانی خۆیەوە هەم لە ئاستی نەتەوەیی و هەم لە ئاستی نێونەتەوەییدا. |